پژوهشنامه ادبیات کُردی
سال چهارم، شماره ۵، بهار و تابستان ۱۳۹۷
صص ۱۲۳ - ۱۶۱

# لێکەوتەی تاراوگە لە ئەدەبی کوردیدا

## بەنموونە دەقی «مەولانا خالید، نالی، حاجی قادر، پیرەمێرد، زێوەر»

تاریخ دریافت: ۱۳۹٦/٤/٤ - تاریخ پذیرش: ۹٦/۹/۸

**کەیفی موحەممەد عەزیز**[۱]
مامۆستای یاریدەدەری بەشی کوردی، زانستگای سۆران، عێراق
**یادگار ڕەسوڵ حەمەئەمین**[۲]
پرۆفیسۆر یاریدەدەری بەشی کوردی، زانستگای سۆران، عێراق

**کورتە**

مەبەست لە چەمکی لێکەوتە، ئەوەیە کەوا دوای مانەوە و نیشتەجێبوونی شاعیران و ڕۆشنبیران لەسەرزەمینی تاراوگە، درک کردنێکی قووڵی غەریبی و بێ ئۆقرەیی لە شیعر یا خود نووسینەکانیاندا هەستی پێدەکرێت، جا ئەم غەریبی و بێ ئۆقرەییە لە چوارچێوەی تێفکرین و دونیابینییەکدا لە نێو تێکست شوێنی بۆ کراوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەم باسە لەسەر دوو دونیابینیی جیاوازی منەوەرانی کوردی تاراوگە دەوەستێت، هەر یەکێک لەم شێوازانە دونیابینیی و شێوازی سەر هەڵگرتنەکەیان جیاوازە، سەردەم و شوێنکاتی هەر یەکێک لەم تاراوگەبووانە جیاوازە، بۆیە دەبینین لێکەوتەی تاراوگە کاریگەریی جیاوازی لەسەر منەوەرانی تاراوگە هەیە. قۆناغی یەکەمی تاراوگەبوون لە مەولانا خالیدی نەقشبەندی و نالی شاعیرەوە دەست پێ‌دەکات، ئێمە ناومانناوە «تاراوگە لە ڕەهەندی دینداریییەوە»، دونیابینیی ئەم قۆناغەی تاراوگە، لە قۆناغەکەی دیکە تەواو جیاوازە. مەولانا خالیدی نەقشبەندی و نالی، زادگە و نیشتیمانیان لە چوارچێوەی بەهاکانی ئایین سەیر کردووە، لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی کەمتر وەستاون. قۆناغی تاراوگەبوونی دوای مەولانا خالید لە حاجی قادری کۆیییەوە دەست پێ دەکات، ئەم قۆناغەمان ناوناوە «تاراوگە لە ڕەهەندی ناسیۆنالیستیەوە»، ئەگەرچی حاجی قادری کۆیی لەنێو دونیای دەسەڵات و کاریگەرییەکانی ئایین تاراوگەبووە، بەڵام دۆخی تاراوگەبوونەکەی وەرگێڕاوەتە سەر خزمەتی نەتەوەیی و وشیاریی دروستکردووە، بەهۆیەوە تەکانێک بەبەر کۆمەڵگە دەدات، لە نێو ئەدەب و تێفکرین لەمەڕ پرس و بابەتەکانی نیشتیمان خاڵێکی وەرچەرخان دروست دەکات، لە تاراوگەبوونی حاجی قادر و پاشان پیرەمێردی شاعیر و زێوەردا، نەتەوە و نیشتیمان دەبێتە چەقی قورسایی ئایدیای تێکستەکانی شیعر.

**وشەگەلی سەرەکی:** چەمکی تاراوگە، مەولانا خالید، نالی، حاجی قادر، پیرەمێرد، زێوەر.

چکیده

منظور از مفهوم نمود این است که پس از اقامت شاعران و روشنفکران در غربت، حس عمیقی از غم غربت و ناآرامی در شعر و نوشتارشان پدیدار می‌شود. چون غم غربت و ناآرامی در چارچوب تأمّل و جهان‌بینی تبیین می‌شود، به این منظور این جستار بر دو رویکرد متمایز شخصیت کردی در غربت تأکید می‌کند. هر کدام از این دو رویکرد، دارای جهان‌بینی و سبک شخصی متمایزی است؛ دوران و مکان زمانمند هر کدام از این غریبانه‌سرایی‌ها هم متمایز است؛ به همین دلیل می‌بینیم که نمود غربت تأثیرهای متفاوتی هم بر شخصیت در غربت دارد. مرحله‌ی نخست غربت، در شعر خالد نقشبندی و نالی سر برمی‌آورد که اصطلاح «غربت از جنبهٔ دین» را بر آن اطلاق کرده‌ایم. جهان‌بینی این مرحله از غربت، کاملاً جدا از مرحلهٔ دیگر است. نقشبندی و نالی زادگاه و میهن را در چارچوب ارزش‌های دینی می‌بینند و کمتر بر موضوع ملّی تمرکز کرده‌اند. مرحلهٔ غربت بعد از نقشبندی را در سروده‌های حاجی قادر مشاهده می‌کنیم که آن را «غربت از جنبهٔ ناسیونالیسم» نامیده‌ایم. هرچند حاجی قادر کویی از جهان قدرت و تأثیرات دین دور بوده، امّا وضعیت غربت را به خدمت ملّت و هوشیاری ملّی درآورده است؛ به همین دلیل جامعه را به پیش می‌راند؛ او در تأمّل بر موضوعات میهنی در ادب کردی نقطهٔ عطفی می‌شود؛ به گونه‌ای که در غریبانه‌سرایی حاجی قادر و سپس پیره‌مرد و زیور، ملّت و میهن به مرکز ثقل ایدهٔ شعری آنان بدل می‌شود.

**کلیدواژه‌ها: مفهوم غربت، مولانا خالد نقشبندی، نالی، حاجی قادر، پیره‌مرد، زیور.ورد.**

1- kaifimuhammad393@gmail.com (نویسنده مسؤول)
2- yadgar.ameen@soran.edu.iq

## ۱- پێشەکی

لــە ئەدەبیاتــی میللەتانــی جیهانــدا، تاراوگەبوونــی شــاعیر و منــەوەران دیرۆکێکــی لەمێژینــەی هەیــە، جــا بۆ هەر ســەردەمێک، فاکتــەری جیــاواز هــۆکاری تاراوگەبوونن، ئەمــەش بــۆ واقیعــی ژیانــی ســەردەمە جیــاوازەکان دەگەڕێتــەوە. شــاعیر و منەوەرانــی کوردیــش دۆخ و شــێوەی ژیانــی سیاســی، ئابــووری، کۆمەڵایەتــی و دینیــی ســەردەمێک لــە ســەردەمەکانی ژیانیــان، هــۆکاری تاراوگەبوونیانــن. لــە مێــژووی ئەدەبــی کــوردی چەندیــن ڕووداوی ســەرپێهەڵگرتن و جێهێشــتن بەدیدەکرێــت، بــەڵام نۆڕمێکــی تایبــەت و شــێوازێکی دونیابینیــی دیاریکراویــان دروســت نەکــردووە.

مەولانــا خالیــدی نەقشــبەندی، لــە ململانــێ و کێبەرکێــی دەســەڵاتی دینــداری بــە مەبەســتی پــاوان کردنــی ســەرزەمینی قەڵەمــڕەوی تەریقەتەکــەی، کەوتووەتــە ڕکابــەری، بــۆ ئــەم مەبەســتەش یەکێکــە لــەو کەســایەتییانەی لــەو کایــە ململانێکارەدا ڕۆڵێکــی ئێجــگار گرنگــی هەیــە، ســەرەنجام تاراوگــە دوا مەنزڵگــەی دەبێــت. بۆیــە ئێمــەش بــۆ ســەرەتای تاراوگەبوونــی منەوەرانــی کــورد گەڕاوینەتەوە، ســەرنجەکانمان لــە مێــژووی نوێــی نەتــەوە هەڵگۆزیــوە، بــۆ ئــەم مەبەســتەش لــە مەولانــا خالیــدی نەقشــبەندییەوە وەک ســەر ئامــەدی تاراوگــەی دینیــی لــە قەلەمــڕەوی میرنشــینی بابــان دەســت پێدەکەیــن، دۆخــی تاراوگەبــوونی مەولانــا خالیــد وەک ســەنەدێک لەنێــو شیعرەکانی خۆیــەوە دەستمان خستووە، کــەوا تــەواوی بیرکردنــەوە و ســۆزی غەریبییەکــەی لــە چوارچێــوەی ئاییــن و تێڕوانینەکانــی ئایینــەوە ســەرچاوەی گرتــووە. مەولانــا خالیــدی نەقشــبەندی ئەگەرچی ڕێبــەری تەریقەتــی نەقشــبەندیی موجەدیدیە، لــە هەمــان کاتــدا شــاعیرێکی بــە توانــا و دەســت ڕەنگینــە. بــە خوێندنــەوەی شــیعرەکانی تێیدەگــەی قورئــان و فەرموودەکانــی پێغەمبــەر کاریگەرییەکــی زۆریــان لەســەر دانانــی شیعرەکانیدا هەیــە. بەپێچەوانــەوە لــە دۆخــی دواتــری تاراوگەبوونــی شــاعیر و ڕۆشــنبیران، کەمتر ئــەو هەســتە دینداریيــە دەبینییــەوە، نیشــتیمان و نەتــەوە لــە دیــدی حاجــی قــادر و هاوڕێکانیــدا لــەوە دەکەوێــت بــە ئاییــن گۆشــکراو بێــت، بەڵکــوو دادەبەزێتــە نێــو وردەکارییەکانــی ژیانــی ڕۆژانــەی خەڵــک و بابەتەکانییــان دەکەنــە هەوێنــی شــیعرەکانییان.

## ۲- بنەمای تیۆریک

لــەم توێژینەوەیــەدا پەیــڕەوی میتــۆدی «وەســفیی شــیکاری» کــراوە، تیایــدا نموونــە

شیعرییەکانی شاعیرانی تاراوگەبوو، لەو شوێنەی پێویست بوو بێت بەنموونە وەرگیراوە. ئەو شاعیر و منەوەرە تاراوگەبووانەی ماوەی ژیانیان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم تا وەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بووە، کراونەتە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، بەڵام نەمانویستووە شێوەی کرۆنۆلۆژی بە لێکۆلینەوەکە بدەین، بەڵکوو ئەو ناوە دیارانە وەرگیراون، کەوا سەرئامەد و ڕچەشکێنی قۆناغەکەی خۆیانن، ئەگەرچی ئەوەش دەزانین لەماوەی سنووری لێکۆڵینەوەکەدا چەند شاعیر و کەسایەتیی دیکە هەن، بەڵام بە سەرنجدان لە بەرهەمەکانیان، هەست بە یەک نۆرم و شێوەی بیرکردنەوە دەکرێت، بۆ نموونە نالیی شاعیر هاوشێوەی تاراوگەبوونەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە، ئەمانە (نالی و مەولانا خالید) لەنێو یەک سیستەمی کۆبیردا تاراوگەبوون، شێوازی سەر هەڵگرتن و ئاوارەبوونەکەیان زۆر لەیەکەوە نزیکە، ماوەی زەمەنی نێوانیشییان زۆر لەیەکەوە دوور نییە، تەنانەت شێوازی نواندنەوەی هەستی غەریبییان لەنێو شیعرەکانییاندا لە ڕووی دەروونییەوە لە یەکدیی دەچێت، ئەمەش بۆ حاجی قادری شاعیر و هاوڕێکانی دوایی ئەو ڕاستە، کەچی ئێمە تەنها سەرتۆپی یەکەم دەستپێکی پرۆسەی تاراوگەبوونمان بەنموونەی سنووری لێکۆڵینەوەکە وەرگرتووە: بۆیە ئەم لێکۆلینەوەیە لە مەداری دوو بازنە، شاعیر و منەوەرەکانی کۆکردۆتەوە، یەکێکیان ئایینییە و ئەویتریان ناسیۆنالیستییە. تەنها لەسەر ئەو شاعیر و منەوەران وەستاوین کەوا لە نێو سنووری قەڵەمڕەوی میرنیشینی بابانن، ئەگەرچی ئەوەش دەزانین، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە تاراوگە ڕۆڵێکی گرنگیان لەمەڕ وشیاری نەتەوەیی بینیووە.

### ٣- پێشینە

لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەک بەشێوەی زانستی لە سەر تاراوگەبوونی منەوەرانی کورد و ئەو لێکەوتانەی لە دۆخی تاراوگەبوونەکەیان دەکەوێتەوە، پێشکەش نەکراوە. دەشێ ئەم توێژینەوەیە بە یەکەم هەوڵ لە بواری لێکدانەوەی لێکەوتەی تاراوگە لە ئەدەبی کوردیدا، دەست نیشان بکرێت.

### ٤- چەمک و زاراوەی تاراوگە

بەر لەوەی باس لەچەمک و زاراوەی تاراوگە بکەین، پێویستە ئەوە بڵێین تاراوگە

چەمکێکــی ئاڵــۆز و گرێــدراوی کۆمەڵێــک چەمــک و دەســتەواژەی تــرە، لەگــەڵ چەندیــن ڕەوت و بزاوتــی ســەرهەڵگرتن و شــوێن لەقبوونــی مــرۆڤ، تێکچــڕژاوە، مانــا و مەبەســتی خــۆی لەوانــەوە وەردەگرێــت. بۆیــە دەکــرێ تاراوگــە بــەدوا پرۆسێســی کــۆچ، ڕەو، ســەفەر، ســەرهەڵگرتن، دوورخســتنەوە، شــوێن لەقبــوون، تــۆران و غەوارەبــوون بزانرێــت.

تاراوگـە چەمکێکـە پتر گرێـدراوی شـوێن و چوارچێوەیەکی جوگرافیـی دەرەوەی سـنوورەکانی زێـد و نیشـتیمانە. پێویسـتە پێـش هەمـوو شـتێک بزانیـن، لەزمانـی کـوری چەمکـی تاراوگـە، بەرامبـەر چ چەمکێکـی زمانـی ئینگلیـزی دەوەسـتێت و بـۆ چ مەبەسـتێک بەکاردێـت. لەزمانـی ئینگلیزیـدا هاوشـێوەی زمانـی کـوردی چەنـد چەمکێـک هـەن، گوزارشـتکەری دۆخێـک لەدۆخەکانـی سـەرهەڵگرتن و جێهێشـتنی نیشـتمانن، ئەوانیـش بریتیـن لـە:

“Diaspora”, “exile”, “migration”, “expatriate”, “displacement”, “homeless”

هــەر یەکێــک لــەو چەمکانــە لەشــێوازی چۆنییەتــی ســەرهەڵگرتن و جێهێشــتنی کــەس و گرووپەکانــەوە مانــا و مــەودا وەردەگــرن، بــۆ نموونــە:

**Diaspora:**

وەکــو چەمکێــک لەنێــو ئەدەبیاتــی میللەتــان بــۆ دۆخــی ســەرهەڵگرتن و بــەزۆر پەرتەوازەکردنــی جوولەکــەکان تایبــەت کــراوە، پــتر ئەوانــی لەخەڵکانــی میللەتانــی تــر پێدەناسرێتــەوە، دۆخێکــی سیاســییە و بەزۆرەملــێ بەســەریاندا ســەپاوە. بــەڵام دواتــر دەبێتــە چەمکێکــی گشــتی و لــە فەرهەنــگ و زمانــی دیکــەش دەردەکەوێــت، میللەتانــی تریــش بــۆ دۆخــی ســەرپێهەڵگرتن و تاراوگەبوونــی خۆیــان بــەکاری دێنــن (p۱۳۶:۲۰۰۵,Ember&  Embe).

**:Migration**

پرۆســەیەکە بــۆ کۆچکــردن، جــا چ تاکەکــەس یــان گــرووپ و کۆمەڵەیــەک بێــت، لەخاکــی خۆیانــەوە کــۆچ بــۆ خــاک و ســەرزەمینێکی دیکــە ئەنجــام دەدەن (Ozden Schiff &,۲۰۰۷:p۲۲-۲۳).

**:Expatriate**

ئــەم چەمکــە بەمانــای ئاوارەبوونــی کەسێــک دێــت، پــتر بــۆ دۆخــی ئــەو کەســانەیە، کــەوا کارامەیــی لەپیشــەیەک یاخــود کاریگەربــوون بەتەوژمــی هونــەری یاخــود ئەدەبــی وڵاتێــک، ســنووری کارگێــڕی وڵات دەبرێــت. زۆربــەی جــار ماوەیەکــی

کەمــتر دەخایەنــێ لەچــاو تاراوگەبــوون، دوای ســوود وەرگرتــن یاخــود نەمانــی هۆیەکانــی ئاوارەبــوون، بــواری گەڕانــەوەی بــۆ شــوێنی ڕەســەنی خــۆی هەیــە ((p١٤٣:٢٠١٣,Castree,kitchin& Rogers).

**:Displacement**

ئــەم چەمکــە شــوێن لەقبوونــی بــۆ بەکاردێــت، ئەمــەش پــتر بــە مەبەســتی ئاوارەبــوون و ســەرهەڵگرتنی تــاک یاخــود گروپێــک دێــت، کــەوا ســنووری وڵات دەبڕێــت و لــە وڵاتێکــی دیکــە دەگیرســێتەوە، لــە ئەنجامــی هۆکارێکــی سروشــتی یاخــود جەنــگ و هتــد، شــوێنی خۆیــان بــۆ شــوێنێکی دیکــی جێدەهێڵــن ( https://www. merriam-webster.com/dictionary/displacement).

**:Homeless**

ئــەم چەمکــە «بێماڵــی» پێدەوترێــت، پــتر بــۆ دۆخــی ســەرگەردانی و بــێ شــوێنی کــەس و گروپێــک دەوترێــت، لەناوەخــۆ یاخــود هەندێــک جــار بــۆ دەرەوەی ســنووری وڵاتیــش، کــەوا بێــماڵ و شــوێنن، بەکاردێــت (Amore, Baker and ٢٠١١,Chapman: p٢٠).

**:Exile**

ئــەم چەمکــە بەمانــای تاراوگــە دێــت، مانــای خــۆی لەجیــاوازی ژیــان و شــوێنکاتی ســەرزەمینی دیکــە وەردەگرێــت، کەســێک یاخــود کۆمەڵــە و گروپێــک دوای نیشــتەجێبوونیان، کاریگــەری شــوێنی تازەیــان بەســەرەوە هەیــە، لەفەرهەنگــی «Longman»ی زمانــی ئینگلیزیــدا، ئــەم چەمکــەی»exile« بــەم شــێوەیە دیاریکــردوە، کــەوا بنچینــەی چەمکەکــە»exilium« لەلاتینییــەوە بەمانــای دەرچــوون و ســەرهەڵگرتنی کەســێک دێــت، دواتــر چۆتــە نێــو زمانــی فەرەنســی»exul« و لەمــاوەی ســەدەی دوازدە و ســێزدەدا، بوەتــە زاراوەیەکــی بــاو، پاشــان لەئینگلیزیــدا بــە «exile» بەکارهاتــووە (https://www.ldoceonline.com/dictionary/exile).

تاراوگــە لەزمانــی کــوردی بــۆ چەمکــی»exile« بەکاردێــت، بۆیــە ئێمــەش لــەم توێژینەوەیــەدا، لەهــەر پەرەگــراف و ڕســتەیەک باســی تاراوگەمــان کــرد بێــت، ئــەوا مەبەســتمانە بەرامبەرەکــەی بــە»exile« بزانرێــت، جــا دەشــێ بــۆ هەمــوو ئــەو چەمکانــەی ســەرەوە، دۆخــی سیاســیی، کۆمەڵایەتــی، ئابــووری، دینــی، جەنگــە ناوخۆییــەکان، گۆڕانــکاری لــە ڕژێمــە سیاســیەکان، بــۆ تاراوگەبــوون هــۆکار بــن. ســەبارەت بەشــێوازی دروســتبوونی چەمــک و زاراوەی تاراوگــە لــە زمانــی کوردیــدا،

پێمان وایە بە دوو شێوازی لە یەکتر جیا ئەم زاراوەیە (تاراوگە) دروست بووە، هەر دوو شێوازەکەش کاریگەرییان بە سەر گۆڕینی واتای چەمکەکەدا نەبووە، زانینیی واتای ڕەگ و قەدی ئەم چەمکە، بۆ ئەم بابەتەی ئێرە گرنگە.

### ۴-۱- شێوازی یەکەم

لە زمانی کوردیدا، تاراوگە ناوێکی دارێژراوە لە چاوگی «تاراندن»، وەک چاوگێکی تێپەڕ، کە لە بنکە «تاراو»بە زیادە خستنەسەری+ «گە»، پێکهاتووە. یا خود «تاران» چاوگێکی تێنەپەرە، وشەی «تارا» وەک ناوێکی کراوە لە «تار + ا» پێکهاتووە، بۆ ئەو باڵندانە بەکاردێت، کە هێلانەی خۆیان بەجێ‌دێڵن، بۆ نموونە دەگوترێ«کۆترەکە تار بوو».

لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا، «تاران» بە مەبەستی ڕۆیشتن و سەرهەڵگرتنی کەسێک بۆ شوێن و مەنزڵگەیەکی دیکە هاتووە، یا خود «تاراندن» گەردان کردنێکە بۆ کەس و سیفەتی سەرهەڵگرتنی تاکەکەسێکی دراوەتە پاڵ، ئەمیش بە مەبەستی نەگەڕانەوەی بۆ زێد و نیشتیمانی بەکارهێناوە، بە هەمان شێوە «تارکردن» ئەرکی کاری دراوەتە پاڵ، بە مەبەستی ئەو هێزەی یاخود ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگەیەک یان تاکەکەسێک، دەسەڵاتی بە سەر دەرکردن و دەرپەڕاندنی کەسێکەوە هەیە (هەژار، ۱۳۸۸: ۱۴۰). لە فەرهەنگی هەژیر، «تاراندن» بە مانای ڕاماڵین، ڕادان، دوور خستنەوە، دەرکردن، پەرتەوازەکردن هاتووە (عەبدوڵڵاپوور، ۲۰۰۸: ۱/۳۲۰).

لە فەرهەنگی خاڵدا، «تاراندن» بە مانای تەراندنی کەس بەکارهاتووە، ئەمیش بە هەمان شێوە جەخت لە سەر دەرکردن و سەرپێهەڵگرتنی تاک دەکاتەوە، جا دەشێ بە ویستی خۆی بێت یان بە زۆرەملی بێت (خاڵ، ۲۰۰۵: ۹۱). لە فەرهەنگی کوردستاندا، «تاراو» بە مانای ئاوارە و هەڵاتوو هاتووە. ئەم گەردان کردنەشی بۆ کەس دەگەڕێتەوە، بەڵام «تاراندن»ی بۆ تەراندن، بەکارهێناوە، ئەمەش زیاتر بۆ سەرچاوەی ئەو هێز و ئامرازە دەگەڕێنێتەوە کەوا تاک و کۆ دەتارێنن (موکریانی، ۱۹۹۹: ۲۰۹).

### ۴-۲- شێوازی دووەم

«تاراو» ئاوەڵناوی بەرکاریە، بەزیادەخستنی پاشگری «گە»، ئەم پاشگرەش

تایبەتە بەشوێن، پاشگری «گە» وەک پاشگرێکی وشەسازی(مۆرفۆلۆژی) ڕۆڵی لەدارشتنی وشەکە لەڕووی واتاوە هەیە، واتاکەی لە کەسێک یان شتێکی «تاراو/تەرە «ەوە، بۆ شوێنی ئەو کەسەی یا خود شتەی لێی دەحەوێتەوە دەگۆڕێ، لەڕووی پۆلی وشەکەوە، پۆلەکەی لەئاوەڵناوەوە بۆ ناو دەگۆڕێ. لەرووی فۆرمەوە، وشەکە دووبارە بەپاشگرێکی دیکە دادەرێژێتەوە «تارا» قەدە، «واو» پاشگری بەرکاری+ «گە» پاشگری شوێنە، دەبێتە «تاراوگە»، مۆرفیمە مۆرفۆلۆژییەکانی لەوچەشنە، وشەی هاوخێزان دروست دەکەن، کە زۆرجار پۆلی وشەکە دەگۆڕن، بەڵام مەرجی سەرەکییە واتای وشەکە بگۆڕن، وەک ئەوەی لە چەمکی تاراوگەدا دەبینرێت. بەپێی چۆنیەتی تەوزیفکردنی چەمکەکە، «تاراو» بۆ کەسە و «گە» بۆ شوێن دەگەڕێتەوە، هاوشێوەی «شوشتنگە»، «کوشتارگە»، «خواردنگە»، «نۆرینگە»...هتد، کەوا زیاتر گرێدراوی شوێنن، مسعوود محەمەدیش دەڵێت: «پاشگری «گە» کە هێمای بۆ مەکانە، بەبەریەوە هەیە قیاسی لێ بکرێت، وەک بەمەتار بڵێین فڕگە، بەجێگەی نووستن بلێین خەوگە» (محەمەد،٢٠١١: ٩٢).

لە هەر زمانێکدا گەردان کردن و داتاشینی وشە، لێکەوتەی ژیان و ژیاری ئەو نەتەوەیە نیشاندەدات لەچۆنیەتی مەزراندنی چەمک و بەکارهێنانیاندا، مسعوود محەمەد پێی وایە، هەندێک پاشگر هەیە کاتێک دەچنە سەر «کار»ێک یان «فعل»ێک، لە فعلایەتی دەخەن، «ئێستگە و ڕوانگە»ی بە نموونە هێناوەتەوە (محەمەد،٢٠١١: ٨٧-٨٨)، لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێ چەمکی «تاراوگە» ببەینەوە سەر ئەم تێڕوانینەی سەرەوەی مسعوود محەمەد، واتە ئەوەندەی دەلالەت لە شوێنە، ئەوەندە بزاوت و جووڵەی شت یاخود کەس نییە.

بە سەرنجدانمان دەگەینە ئەو ئەنجامەی تاراوگە لە «تارا+ و+ گە»ەوە هاتووە، تاراو «تارا+و» بەو کەسە دەگوترێ کە بە نیازی نەگەڕانەوە پەنای بۆ شوێنێ بردبێت، هەروەها بۆ تەیر و باڵندەش دەگوترێ، پاشان «گە» ئاماژە بۆ شوێن دەکات. بێگومان «تاراوگە» وەک چەمکێک دەشێ ڕەهەندی دینیی، سیاسیی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بدرێتە پاڵ. جا دەشێ تاراوگە هەڵبژاردەیەکی ئازادانە بێ، دەشێ زۆرەملیش بێ، واتە دەشێ نەفی کردن بێ، دەشێ بۆ هۆکاری جیاواز کەسێک شوێنێکی دیکە، وڵاتێکی دیکە هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ژیانی تیا بەسەر بەرێ.

لـە تۆمارکارییەکانـی مێـژوو، وابـووە کەسـایەتییەکی دیـار و کاریگـەر، توانـای گۆڕیـن و گۆڕانکاریـی مێـژووی نەتەوەیەکـی هەبـووە، زۆرن ئـەو سـەرکردە و پیـاوە ئایینـی و کەسـایەتی و ئاغایانـەی، دەسـتیان لـە نووسـینەوە و تۆمارکردنـی مێـژووی سـەردەمێکی دیاریکـراودا هەیـە، بـەو مانایەی دەشـێت مێـژووی نەتەوەیـەک لەماوەی ژیانـی کەسـایەتییەکی نـاوداری ئـەو نەتەوەیـەوە دەسـت پـێ بـکات. لەمێـژوودا، هەندێـک لـە پیـاوە سەردەسـتە و ڕچەشـکێنەکانی کۆمەڵگـەی کـوردی، هێزێـک بەزەبـری دۆخێکـی پێشـهاتوو، هەڵـی داوەتـە دەرەوەی تێفکرینەکانـی، بەجۆرێـک لـە جـۆرەکان ئـاوارە و سـەرگەردانی کـردوون، لـە ڕابـردووی ئـەم مێژووەدا چەندیـن کەڵەپیـاوی ئایینیـی و نووسـەری خامەسـەنگین کەوتوونەتـە بـەر شـاڵاوی دەرکـردن و سـەر پـێ هەڵگرتـن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەرنج لـە تاراوگەبـوونی منەوەرانـی ئەدەبـی کـوردی، کـە لـە خـوارەوە نووسـیومانەتەوە بدەیـن، دەشـێ بەسـەر دوو قۆناغـدا دابەشـی بکەیـن:

**۵- قۆناغی یەکەم: تاراوگە لە ڕەهەندی دینداریدا**

سـەرەتای دەسـتپێکی ئـەم قۆناغـە دەشـێ بـۆ «مەولانـا خالیـدی[1] نەقشـەبەندی» ببردرێتـەوە. لەباشـووری کوردسـتان ژیـان و تاراندنـی مەولانـا خالیـد لەمێـژووی نوێمانـەوە سـەر دەردەکات، بەمـەش دەکـرێ مێـژووی ئەدەبـی تاراوگـەی کـوردی، سـەرەتاکەی بـۆ دوو سـەدە لەمەوبـەر بگەڕێنینـەوە[2].

بـەر لـەوەی باسـی هـۆکاری تاراوگەبوونـی مەلاونـا خالیـد بکەیـن، پێویسـتە بزانییـن ئـەم قۆناغـەی تاراوگـە، بـۆ پێـی دەوترێـت دینـداری. بەسـەرنجدان و خوێندنـەوەی سـەردەم و ژیانـی پیـاوە تاراوگەبووەکانـی ئـەم قۆناغـە لـە ڕەهەنـد و پاشـخانی دیندارییـەوە تاراوگەبوونیـان بـەدوا مەنـزڵ و چارەسـەر زانیـوە و دەرچـووی ئاسـتانەی مزگـەوت بـوون، سـەرەتا و کۆتایـی ژیانیـان لـە خزمـەت دینـداری بـە ڕێ کـردووە، لەسـەر تێفکریـن و دونیابینینیانـەوە ئەوەنـدەی دیـن کاریگەریـی هەبـووە، نەتـەوە و بابەتەکانـی تـر کەمـتر. لـە دیـدی کارەکتەرەکانـی ئـەم قۆناغـەی تاراوگـەدا، شـوێن بـە پیـرۆز سـەیرکراوە و بەرگێکـی دینیـی بەبـەردا کـراوە. هەمـوو لێکدانـەوە و شرۆڤەکارییەکیـان بـۆ دونیـای سـەردەمی خۆیـان لـە ئایینـەوە هەڵگۆزیـوە.

**٥-١- مەولانا خالید (١٧٧٩- ١٨٢٧ زایینی)**

بەسەرنجدانمان لە دیوانەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کەوا پیرەمێردی شاعیر، شیعرە فارسیەکانی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەگەڵ شیعرە کوردییەکانی مەولانا خالید خۆی، لە دیوانێکدا بە ناوی «ڕۆحی مەولانا» چاپی کردووە، تیایدا لە ژیانی وردبووینەوە، لە سەرەتادا نووسینی شیعرەکانی بە ناوی(نووری)بووە،

زۆر تینووە بە ئاوی هیدایەتی بە ڕاستی تێر ئاوی کە لە قولزومی ئیحسانی بایەزید

نووری لیقایی نیشاندە لە خودبینی بیکە بە بەندەیەک لە غولامانی بایەزید

(پیرەمێرد، ٢٠١٢: ٦٢)

یان لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

سا غەم کۆی شادیم یا وەباد شانو تەمام ئینتیقام وەصڵت لێم سانو

خاص خاص جەشیدەن تەئسیری دووری کرد وەکۆی نورە سەرتاپای نوری

(پیرەمێرد،٢٠١٢: ٢٣٥)

پاشان لەدوای گەڕانەوەی سەفەری هندستان شیعری بەناوی»خالید» هۆنیوەتەوە،

دڵ کە گیرابوو لە داخی دووری یا ڕزگاری بوو
چونکو دەنگی پێکەنینی ئەو گوڵی خەندان گەییشت
«خالید» ئەی مورغی گوڵستانی وەفا، ناڵەت نەبێ
وا بەهار بۆ گیانی سەرما بردەڵەی زستان گەییشت

(پیرەمێرد، ٢٠١٢: ٤٨)

یان لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

چۆن لە دەوری ئەو تەسەللام دێ بە سەبر لەش ئەگەر نەتوانێ بڕوا گیان ئەچێ

چاکی خالید پڕ لە لەعلە وەک یەمەن بۆ بەدەخشان ڕوو بە ڕووی سامان ئەچێ

(پیرەمێرد،٢٠١٢: ١٧٩).

دوو هەڵوێستی تەواو جیاوازی لێ دەفامدرێتەوە:

**هەڵوێستی یەکەم:**

پێش سەفەریەتی بۆ هیندستان و پەیوەندیی بە ژیانیی لەسلێمانیەوە هەیە، بۆ دەستکەوتنی مەعریفەی زیاتر شوێن و هەواری جیاواز گەڕاوە، هەوڵیداوە بۆ پێگەیاندنی خۆی قەڵەمڕەوی میرنیشینەکانی کورد ببڕێ، لە بینین و

گفتوگـۆ زانسـتییەکانی لەگـەڵ پیاوانـی ئایینیـدا سـوودی بینیـوە، لـە نێـو مـەلا و زاناکانـی سـەردەمی خۆیـدا جێگەیەکـی دیـاری هەبـووە، هەڵکەوتـە و سـەرئامەدی ڕۆژگاربـووە. نەوشـێروان مسـتەفا ئەمیـن دەڵێـت: «دوای وەرگرتنـی ئیجـازەی مەلایەتـی، لـە سـاڵی ۱۷۹۸م لەشـاری سنە لەسـەر دەسـتی شـێخ محەمـەد قەسیمی مەردۆخەیـی، گەڕاوەتـەوە سـلێمانی و دەسـتی کـردووە بـەکاری مەلایەتـی و لـە مزگەوتـی گـەورەی سـلێمانی دامـەزراوە، لێـرەوە هەڵکشـانی پلـەی کەسـایەتی و ناوبانگـی بـڵاو دەبێتـەوە، کـەم وابـووە خوێنـدکاری دینـی لـەو تەمەنـەدا بـەو پلـە زانسـتییە بـگا» (ئەمیـن،۲۰۱۵: ۱۶۳). هـەر بـەم هۆیەشـەوە بـووە، هەڵکشـانی پایـەی کەسـایەتی و کۆمەڵایەتـی لەبـاوک و باپیرییـەوە بـۆی نەماوەتـەوە بەڵکـو بەڕەنجـی دەسـت و ئـاوەزی خـۆی، بـەم پلـە و پایـە گەیشـتوە. پاشـان بەهـۆی شـێوازی بیرکردنـەوە و دونیابینیانـەی خـۆی بڕیـاری چوونـە حـەج دەدات، مـەلا عەبدولکەریم مودەڕیـس دەڵێـت:

مـەلا خالیـد سـاڵی۱۸۰۵ ڕێگـەی حەجـی گرتۆتەبـەر، لـە ڕێـگای موسـڵەوە چۆتـە شـاری حەلـەب و لەوێـوە بـۆ مەککـە و مەدینـە. سـەفەری حـەج بـۆ مـەلا خالیـد سـەرەتای دەسـپێکی قۆناغێکـی نـوێ دەبێـت، لـەم سـەفەری حەجـەدا چـاوی بـە پیـرە پیاوێکـی یەمەنـی دەکەوێـت، مۆچیـاری دەکات و ئامـاژەی ڕێـگا گرتنەبـەری هیندسـتانی بـۆ دەکات، تـا بگاتـە ڕابـەری ڕێ نیشـاندەران. دوای سـاڵێک مانـەوە لەحـەج، دەگەڕێتـەوە سـلێمانی. سـاڵی(۱۸۰۹)، کەسـێک بەنێـوی دەروێـش محەمـەدی تایـەن، نێردراوی شـا عەبدوڵـڵای دیهلەوییـە، دەگاتـە سـلێمانی، هـەر لـەو سـاڵەدا مـەلا خالیـد لەگـەڵ یـارۆی دەروێـش ڕێـگای هیندسـتان دەگرێتـە بـەر، بەئاگایـی و بـە وشـیارییەوە ڕێـگای بڕیـوە، خـۆی نەداوەتـە دەسـت قـەدەر و لەبڕینـی ئـەو ڕێـگا دوورە بێمەبەسـت و بێئامانـج نەبـووە، بەڵکـوو زانیویەتـی بـۆ کـوێ ئەچـێ و بـۆ لای کـێ ئەچـێ و بۆچـی ئەچـێ (مودەڕیـس،۲۰۱۱: ۹-۳۰).

مـەلا خالیـد ئـەو کاتـەی دەگاتـە هیندسـتان دوای ماوەیـەک ڕێکەوتـی ڕۆژی چـەژن دەبێـت، بـەم بۆنەیـەوە هەسـتی غەریبـی و ئاوارەیـی دەبـزوێ، شـیعری حەسرەتـی دیـدار و دیتنـەوەی نیشـتمانی نووسـیوە:

چەژنـە وا مـن ناهومێـد و بـێ بەشـی دیـداری یـار
خەڵکـی خـوڕەم، مـن بەخوڕەم، ئـاو لەچـاوم دێتە خوار

گشت لەگەشتی دەشتە داوێن پڕ گوڵاڵەی ئاڵ و من
ئەشکی سووری، داخی دووری، دەوری کردمە لالەزار
بێ نەوا و دڵ لەخەم کەیل و، غەریب و بێ نسیب
دەست لەسەر دڵ، سەر لە ئەژنۆ، چاو لە ڕێگەی پرسیار
دڵ سوتاو و، جەرگبڕاو، کۆڵان بەکۆڵان دەربەدەر
کەس بەدەردی من نەچێ، دوورکەوتەیی یار و دیار
خوێنی دڵ وا هات بەچاوما، بوو بەجۆگەی «بەکرەجۆ»
هەردوو سەرچاوەی چەمێکن کردمە تاسەی «سەرچنار»
باوەمردەی، «باوەمردە»م «ئاڵبوڵاغە» چاوەکەم
خۆزگە ئەمدی پێم بڵێن وا، «باوەگێڵدی» گەییە شار
پێم بڵێ: خالید، ئەگەر تۆ وا ڕەهەندە و شێت نەبی
تۆ لەکوێ و غەزنەین و کابول، خاکی هیند و قەندەهار؟

(پیرەمێرد،٢٠١٢: ١٨)

لەم پارچە شیعرەدا مەولانا خالید ئەو شوێنانەی ئاماژە پێداوە، کەوا ژیان و سەردەمێکی تەمەنی لێوە بەسەر بردووە، واتا شوێنەکان بۆ مەولانا خالید ئاشنان و ماڵ و مەنزڵگەیەتی، بەمەش مەولانا خالید باسی شوێنێکی خەیاڵی و سەرزەمینێکی فراوان ناکات، بگرە ناوچەیەکە و لەناوچەیەکیش چەند شوێنێکی دیاریکراو باس دەکات، ئەمەش ڕاستییەکە کەوا مەولانا خالید باس لەتەواوی سلێمانی یاخود سەرزەمینێکی فراوان وەک میرنیشینی بابان ناکات، بۆنمونە «بەکرەجۆ، سەرچنار، ئاڵبوڵاغە، باوەگێڵدی»، مەولانا خالید وەک جوگرافیای پیرۆز سەیریان دەکات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کەوا لەسەردەمی مەولانا خالیددا، مانای نیشتمان و چەمکی دەوڵەت بەو ئەندازەیەی ئێستا تۆخ نەبووە، بەقەد ئەوەی ماڵ و مەنزڵگە بایەخی هەبووە، ئەگەرچی دەکرێ ئەمە وەک کڵاوڕۆژنەیەک لەمەڕ پرسی دیندارانەی مەولانا خالید سەیر بکرێت، کەوا نواندنەوەی ئەو ویست و هەستە دیندارییە لە زەین و ئاوەزی مەولانا خالیددا هەبووە. لەم ڕوانگەیەشەوە بووە، ئەو کاتەی مەلا خالید بۆ وەرگرتنی تەریقەت لە هیندستان بووە، شێخ عەبدوڵڵای دیهلەوی بۆ مەولانا خالید لە ئیجازەنامەکەیدا(٣) دەنووسێ، «لەخاکی کوردستانەوە هاتووە»، دیارە ناوهێنانی خاکی کوردستان، ئەو هەستەیە، کەوا مەولانا خالید لە خانەقاکەی شێخدا بەبەردەوام

باسـی کوردسـتانی کـردووه، شـێخ و موریدانـی ئەوێـی بە کوردسـتان ئاشـنا کـردووە.

**هەڵوێستی دووەم:**

دەکـرێ ئـەم قۆناغـەی بـە «مەولانـا خالیـدی[۴] نەقشـبەندی» بناسـێنین، پەیوەندیـی بەسـەفەری هیندسـتانەوە هەیـە، کـەوا تەریقەتـی نەقشـبەندی موجەدیـدی لەسـەر دەسـتی ئەو لەسـلێمانی و پاشـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت[۵] بڵاودەبێتـەوە. لەقۆناغ و هەڵوێسـتی دووەمیـدا، کاریزمایەکـی پڕاگماتیکـی و کەسـایەتییەکی ئاوەزمەنـدی ئایینیـی لـە ژێـر نـاوی «مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی»دا دروسـت دەبێـت، قۆناغـی ژیانـی دوای سـەفەری هیندسـتان بـۆ مەولانـا خالیـد لـە ئەسـتۆگرتنی بەرپرسـیارییەتیەکی سـەخت و دژوارە، بەشـێوەیەک لـە دژایەتـی و بەگژداچونـەوەی نۆڕمـی بـاوی کۆمەڵایەتـی بێبـەش نەبـووە. لـە پێنـاو چەسـپاندنی بنەماکانـی بیـر و باوەڕەکـەی، لـە ململانێیەکـی تونـدی دەسـەڵاتی سـەردەم و نۆڕمـی بـاوی ئایینـی و کۆمەڵایەتیـدا بـووە. فەرهـاد شـاکەلی پێیوایـە گەڕانـەوەی مەولانـا خالیـد لەهیندسـتانەوە بـۆ کوردستان(سـاڵی۱۸۱۱)، تەنیـا گەڕانـەوەی ڕێبەرێکـی تەریقـەت یـا زانایەکـی شـەریعەت نەبـووە، بەڵکـوو لافاوێـک وزە و بیـر و بزوتنـەوە بـووە، کـە سـەر لەبـەری کۆمەڵگای دوای خـۆی ڕەنگرێـژ کـردووە، تـا ئەمـڕۆش جـێ دەسـتی بەسـەر زۆر تەوژمـی سیاسـی و فەرهەنگی کوردسـتانەوە دیارە (شـاکەلی،۲۰۱۰: ۲۸). مەولانـا خالیـد لەنێـو ڕۆشـنبیری و یادگـەی تاکـی کـورددا پتر وەکـو کاریزمایەکـی ئایینیـی دەرکەوتـوە، ئەگەرچـی لـە شیعرنووسـیندا نـاو و باویەتـی[۶] هەبـووە، بەبیـر و تێڕوانینەکانـی، لـە مێژوودا هەنـگاوی زێڕینـی بـۆ ژیانـی سـەردەمەکەی خـۆی و دوای خۆیشـی تۆمارکـردووە، توانیویەتـی قۆناغـی سـەردەمەکەی خـۆی ببڕێـت بـۆ ڕۆشـنکردنەوەی ڕێـگا پێچەڵپێچەکانـی مێـژووی نەتەوەیـەک مەشـخەڵ بێـت، دواتـر بووەتـە سەرمەشـقی ڕەجـە وگۆڕانێـک سـەرتاپای کۆمەڵگـەی ڕەنگرێـژ کـردووە.

لـە دنیـای ڕۆشـنبیری کوردیـدا، مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی وەک پیاوێکـی تاراوگەبـوو دەدرەوشـێتەوە، وەک مەولانـا خالیـد خـۆی دەڵێـت:

مەسـتی کـە وەک مـن لە ڕێـی خوادا بـە زەوقێکـی خووا
دڵ لـە تـاوا کەوتـە جـووڵان «ناقـە» نـاڕوا، نـاڕەوا
گوێـم لـە دەنگـی «حدیة»یـە دڵ کـۆی یـاری گرتەبـەر
لـەش لـە خاکـی شـام و دڵ بـۆ بـادی «یسریب»دەرهەوا

(پیرەمێرد، ۲۰۱۲: ۴۱)

مەولانا خالید لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا زانیویەتی چۆن مامەڵە بکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی واقیعی دینیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمەکەی، تەریقەتی نەقشەبەندی بەئامرازێک زانیوە، چونکە بەبانگەشەکردنی بۆ تەریقەتی نەقشەبەندی بەرەو ڕووی دژایەتیکردنی تەریقەتی قادری بووەتەوە، کەوا ڕەگ و ڕیشەی لەبونیادی کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمەدا هەبووە، «شێخە فیوداڵەکانی قادری توێژێکی کۆمەڵایەتی دوورەپەرێزیان پێکهێنابوو، ژمارەیەکی کەم لە بنەماڵەی شێخان ئەرکی سەرکردایەتی ئایدۆلۆژیان بۆ خۆیان پاوانکردبوو، خەلیفەی شێخەکانی قادری نەدەبوونە شێخ، شێخایەتی تەنها لە نێو خانەدانانی بنەماڵەی بەرزنجەکان و ساداتی نەهری خۆیاندا دەمایەوە. نەقشبەندیەکان هاتن ئەم ستراکتۆرە دۆگمایەیان توانەوە» (عەلی و دەروێش،٢٠١٣: ٤١). لەنێو خەڵک و پەیڕەوکەرانی تەریقەتی نەقشەبەندی بەبایەخەوە لەو بزاوتە ئایینیی و گۆڕانکارییە نوێیانەی، کە لەدوای هاتنە پێشەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە سلێمانی و ڕۆژگاری دەسەڵاتی بابانەکان، ڕوانیوویانە، «مەولانا ئەرکێکی هێندە گەورەی بەئەستۆوەبوو، کە دەبوو تۆڕێکی یەکجار ورد و پتەو و سفتی کار و ڕێکخستن دابین بکات بۆ بەئەنجام گەیاندنی پەیامەکەی، لەلایەکەوە دەبوو بەموو لەبنەما فکرییەکانی لانەدات، لەلایەکی دیکەشەوە دەبوو هێندێ ئاوەزکارانە زەوییەک بۆبیروباوەرەکانی ئامادە بکات»(شاکەلی،٢٠١٠: ٢٩). بەم کارەی، مەولانا خالید بۆ یەکەمجار لە مێژووی گوتاری ڕوناکبیریدا، دیالۆگ و مشتومڕێکی فەرهەنگی دینیی لەنێو دانیشتووانی ئەو ڕۆژگارەدا دێنێتە ئاراوە و زەمینەیەکی بەپیت و بەبڕشت بۆ هێنانە کایەی قۆناغێکی نوێی زانین و زانیاری دەڕەخسێنێ، مستەر ریچ دەڵێت: «لەو سەردەمە بەدواوە گەورەترین بزوتنەوەی شیعری «نالی، سالم، کوردی و هاورێکانیان»، دەردەکەون و نووسین بەدیالێکتی سلێمانی سەر هەڵدەدات و تا ئێستاش بەردەوامە، سەرەتاکانی بۆ ئەو ڕۆژگارە دەگەڕێتەوە، کە مەولانا خالید باس و خواسی تازەی فەرهەنگی دەورووژێنێ و بەگیانی واقیعبینانەی کۆمەڵگە، ڕەخنەی ئایینیی توندوتیژ لەڕابەرانی ئەو ڕۆژگاری ئایینیی ئیسلام لە سلێمانی و فەرمانڕەوایانی ملهوڕ و سیستەمی گەندەڵبووی سیاسی دەگرێت، بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی، هەنگاو بۆ ڕیفۆرمخوازی هەڵدەگرێ» (ریچ،٢٠١٢: ١٤-١٧).

میرانی میرنشینی بابان هەست بەگەورەیی مەولانا خالید و دەست

ڕۆیشتنی لە قەڵمڕەوی میرنشینەکەیان دەکەن، ناحەز و نەیاری بۆ دروست دەکەن، تاوەکو ناچاری وڵات جێهێشتنی بکەن. شێخ مارفی نۆدێ و هەندێک لە مەلا و شێخانی دەست ڕۆیشتووی سەردەم، لەترسی لەدەست دانی هێز و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینییان، کەوتوونەتە دژایەتی چونکە پێگەی ئایینیی مەولانا خالید ڕوو لە هەڵکشان بووە، ئەمەیان بەمەترسی زانیوە، پێویست بووە لەبەر دەمیدا بوەستنەوە، دوای ئەم جۆرە دژایەتیکردنانە، کە دەسەڵات و پیاوانی ئایینیی نەیاری مەولانا خالید پێکڕا کۆبوونەوە، مەولانا خالید لەجێنشینبوونی لە سلێمانی دەتارێنن. لەم بارەیەوە مەولانا خالید پەست و غەمگین دەبێت، ئەوەندە بە سۆیەوە کاریگەری بەسەر دەروونیدا جێهێشتووە، خۆزگەی ئەوە دەخوازێ خودا وەک مەسیح بۆ ئاسمان بیباتەوە، بۆیە دەڵێت: ئەی لە دەوری لێوی لەعلت تازە ئەییامی مەسیح

بەو هەناسەی تۆیە ئێستاش زیندووە نامی مەسیح
عالەم و ئادەم ئەسیری خەتی سەوزی تازەتە
نەک بەتەنها سیلسیلەی مووسایە، یا، دامی مەسیح
کەی دەگەییە ئاسمان و وا لە حورمەتدا ئەما
گەر هیوای ئایینی تۆی نەبوایە ئەنجامی مەسیح
ناوی بێ باوکی ئەگەر نەبوایە وەک تۆ کەی دەبوو؟
ئەم زەمین و ئاسمانە سەر بەسەر ڕامی مەسیح
«خالید» سا تۆیش «تجرد»کە لە دونیا سەیرێ کە
بەو لیقایە ئاسمانە شوێنی ئارامی مەسیح

(پیرەمێرد، ۲۰۱۲: ۵۲)

پاشان تاراوگەبوونی مەولانا خالید لەزێد و نیشتیمانی، چوونی بۆ شام پەیوەندی بە وشیاری و خودئاگایی مەولانا خالیدەوە هەیە، لەبەرئەوەی تاراوگەبوونی «بەڵگەی وەرچەرخان بوو لەئەرک و پەیامەکەیدا، دیمەشق لەسەر ڕێگای حەج بوو، لەبەغدا نزیکتربوو بۆ ئەستەمبووڵ و مەککە، و لە دیمەشقەوە دەیتوانی بەشێوەیەکی باشتر سەرپەرشتی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی بکات، ئەمە شوێن گۆڕکێیەکی زیرەکانەبوو لەلایەن مەولانا خالیدەوە، بەمە تەریقەتی لە گرووپێکی ناوچەیی عێراقەوە گۆڕییە بزوتنەوەیەک بۆ سەرانسەری وڵاتی عوسمانی»(حمە سالح،۲۰۱۴: ۱۳). مەولانا خالید بۆ هەڵبژاردنی

شـــوێنێکی وەکـــو مەملەکەتـــی شـــام، مەعریفـــە و زانیارییەکانـــی یارمەتیانـــداوە، پێشـتریش کۆمەڵێـک لـە ڕێبـەران و شـوێنکەوتوانی تەریقەتـی نەقشـبەندی لـە شـام نیشـتەجێ کردبـوو، زەمینەیەکـی لەباریـان بـۆ تەریقەتەکـە دروسـتکردبوو، مـەلا عەبدولکەریـم مودەڕیـس دەڵێـت: «مەولانـا، کـە عێراقـی جێهێشـت و لـە شـام نیشـتەجێ بـوو، شـێوەکەی لـەوە ئەچـوو پادشـایەک قـەرارگای حوکوومەتەکـەی و پێتەختـی وڵاتەکـەی بگوێزێتەوە»(مودەڕیس،۲۰۱۰: ۴۲). مەولانـا خالیـد، لـە سـاڵی ۱۸۲۴ دۆسـت و دوژمنەکانـی بەجێهێشـت و ڕووە و تاراوگـە ملیناوە (هاشـمی،۲۰۰۴: ۴۰). نەهامەتـی لەوەدایـە، پیاوێکـی وەک مەولانـا خالیـد، کاتێـک لـە تاراوگـە نیشـتەجێ دەبێـت، چەندیـن زانـا و پیـاوی ئایینیـی غەیـرە کـورد لەسـەر دەسـتی ئـەم زاتـە تەریقـەت وەردەگـرن، کەچـی لـە زێـد و نیشـتیمانی خـۆی لـە نێـو هاوزمـان و هاوقەومـی خـۆی شـوێنێکی پـێ ڕەوا نابینـن.

## ۵-۲- نالی (۱۸۰۰- ۱۸۷۷ز)

زۆربەمـان ناوبانگـی «نالی»مـان، لەمێـژووی ئەدەبـی کـۆن و نوێـی کـوردی لەسـەنگین نیشـاندانی ئـاوەزی، وەک شـاعیرێکی پایـەدار لـەڕووی خەیاڵـی شـیعری و تەوزیفکردنـی لۆژیـک لەنێـو دێـڕە شـیعرەکانیدا بیسـتووە. یەکێـک لـەو شـاعیرانەیە سـەرچاوەی زانسـت و زانیارییەکانـی، لـە ڕەهەندەکانـی کەلتـووری ئیسـلامەوە سـەرچاوەی گرتـووە، هـەر لـەو ڕوانگەیـەوە بـەو ئاسـتە باڵایـەی شـیعر و شـاعیری گەیشـتووە. هـەروەک خـۆی لـەم بارەیـەوە دەڵێـت:

ئەی جیلوەدەری حوسـن و جلْوەکێشـی تەماشا!
سەرڕشـتەیی دیـن بـێ مـەدەدی تـۆ نییە،حاشـا

(مودەڕیس و عەبدولکەریم، ۱۹۷۶: ۷۵)

نالـی منەوەرێکـی دیـاری سـەردەمی خۆیەتـی و ئـازاری تاراوگـەی لە سـەردەمی ژیانیـدا چەشـتووە، لـەم بارەیـەوە دەڵێت:

لـەم شـەرحی دەردی غوربەتـە، لـەم سـۆزی هیجرەتـە
دڵ ڕەنگـە بـێ بـە ئـاو و بـە چـاوا بـکا عوبـور!

(مودەڕیس و عەبدولکەریم، ۱۹۷۶: ۱۹۷).

لـە ڕۆژگاری ژیانـی نالـی لـە نیشـتیمان ئاییـن لێکەوتـەی بەسـەر ژیانـی تاکـەوە هەبـووە، تـا ڕادەیـەک دابەش‌کردنێکـی ئایینـی و جیاوازییـە ئایینییـەکان بەڕوونی وەک

شوێن و خاکی موسڵمان و شوێن و خاکی نا موسڵمان دەرکەوتوون. لەفۆڕمە گشتییەکەیدا، تاراوگەبوونی نالی هاوشێوەی تاراوگەبوونی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە، هەردووکیان لە تاراوگە مردوون، هەردووکیان سەرهەڵگرتنیان هاوزەمانی دوا قۆتاغی دەسەڵاتی میرنشینی بابان بووە و لەنێو کۆنتیکستی دینداریدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. نالی لە ڕەهەندی دینداریییەوە تاراوگەبوون پەیوەستی نۆستالجیە دەکات، کەوا بە سۆزەوە کەوتووەتە لاواندنەوەی زادگەی وەک دەڵێت:

خاکی میزاجی عەنبەر و، داری ڕەواجی عود
بەردی خەراجی گەوهەر و، جۆباری عەینی نور
شامی هەمو نەهار و، فوسولی هەمو بەهار
تۆزی هەمو عەبیر و، بوخاری هەمو بوخور

(مودەڕیس و عەبدولکەریم، ۱۹۷۶: ۱۸۲).

بە تێڕامانمان لەم چەند دێڕە شیعرەی قەسیدەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم»، تێیدەگەین بەیادهێنانەوەی شوێن بەتایبەتی شوێنی لە دایکبوونی بووەتە چەقی بیرکردنەوەکانی. مەولانا خالید و نالی لە مێژووی تاراوگەی کورد، یەکەمین شاعیری کوردن لەسەرزەمینی تاراوگە هەستی خۆیان بۆ شوێن لە قەسیدە و شیعرەکانیاندا نووسیوەتەوە. تاراوگەبوونی نالی وەک شاعیرێکی دینداری کورد لە واقیعێکی پڕ پارادۆکسە. عەلائەدین سەجادیش پێیوایە کاریگەری مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەسەرەوەبووە، ئەگەرچی لە هیچ یەکێک لە شیعرەکانیدا باسی تەریقەتە نوێباوەکەی نەقشبەندی ناکات، بەڕوونی لایەنگیری هیچ یەکێک لەتەریقەتەکان نییە. بەڵام لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی ئەم کاریگەرییەی بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە، کەوا لە سەردەمی ژیانی فەقێیاتی پلەی»مستعد»ی، نالی لەخانەقای مەولانا خالید بووە(سەجادی،۱۹۷۱:ل۲۴۱). نالی سەر بەتیرەی جافی میکائیلیە، مەولانا خالیدیش سەر بە تیرەی جافە، هەردووکیان هاوسەردەمی یەکترن، لە حوجرەی مزگەوت و ئاستانەی ئایینییەوە پێگەیشتوون، نالی شیعر و شاعیری هەڵبژاردووە و مەلایەتی نەکردۆتە پیشە، مەولانا خالید سەرەڕای شیعر و نووسین، تەریقەت و سۆفیگەری کردۆتە پیشە، ڕەجەشکێن و کاریزمای بواری خۆیانن.

زۆربەی نووسەر و لێکۆڵەران، هەرکات باسیان لە تاراوگەبوونی نالی

کردبێت، بۆ هۆی سەفەری حەج و ڕووخانی میرنشینی بابان گەڕاندوویانەتەوە. سەرنجی کاوس قەفتان سەبارەت بەڕووخانی میرنشین و سەرنجی مارف خەزنەدار سەبارەت بە تاراوگەبوونی نالی، ئەو ڕاستییەمان بۆدەسەلمێنێ. ئێمە بەجیاواز لەم تێڕوانینەوە پێمانوایە هۆکاری تاراوگەبوونی نالی لە ڕەهەندی دینداریەوە پەیوەندی بەململانێی کەسیەوە هەیە، ئێمەش بۆمان ساغ نەبۆتەوە ئەو کەسەی بەرامبەری نالی گرتووە کێیە، بەڵام دەبێ ئەو کەسە دەسەڵاتێکی دینیی و پێگەی کۆمەڵایەتی بەهێزی سەروەختی دەسەڵاتی میرنشینی بابان هەبووبێت، پاش ڕووخانیشی لە پێگە و پلەی خۆی مابێتەوە. بۆ زانینی هۆکاری تاراوگەبوونی نالی، دەشێ گریمانەیەک بەرچاو بخەین، ئەوگریمانەیەش لەئەنجامی وردبوونەوەمان لە قەسیدەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم» و پارچە شیعرێکی نالییە، بە ناوی «درونی لدار «الشارەزور» و بردە»، هەڵمانهێنجاوە. لە دێڕێکی ئەو پارچە شیعرە «درونی لدار «الشارەزور» و بردە«، کەوا نالی خۆی دانی پێدا ناوە، تێیی دەگەین، هۆکاری تاراوگەبوونەکەی کەسیی و دینداریە و سەفەرکردنیشی بۆ حەج خۆ قوتارکردنە لەژێر چنگی ئەو کەس و هێزە دینییەی تەنگی بە نالی هەڵچنیوە. لەتەواوی شیعرەکانی نێو دیوانەکەی نالی بۆ مەبەستی تاراوگەبوونی سەرنجمانداوە، ئاماژەی بەهیچ ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی نەکردووە، بەڵکو ئەوەی لەم پارچە شیعرە دەفامدرێتەوە، ئەوەیە:

وكم نال «نالی» من شفا ساقيانه     شيفا، هل شفا من نال «نالی» بدرده

(مدریس و عبدالكريم، ١٩٧٦: ٤٠٦)

بۆ ڕاڤەکردنی ئەم دێڕە شیعرە لەدیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم، بەم شێوەیە: «سا توخوا بشێ ئەو کەسەش کەوا نالی گرفتاری دەردی دووری کرد، ئێستا دڵی ڕەحەت بووبێ و حەسابێتەوە و کرمی دڵی مردبێت؟ بێ گومان نا، چونکە پیاوی حەسوود و دڵپیس بەمەرگ نەبێ ڕزگاری نابێ و دڵی دانامرکێ»(مدریس و عبدالكريم، ١٩٧٦: ٤٠٦). ئەوەی مەبەستە ئەوەیە ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن نالییەوە بە بەدڕەفتار و ئاشوبگێڕ زانرابێت و چاوی بەرایی نەدابێت دوای ڕووخانی میرنشین، سەرزەمینەکەی ببینێت، ئەی بۆچی دوا تەمەنی لە ژێر سێبەری دەوڵەتی عوسمانی بەرێکردووە، بەپێیی بەڵگەنامەکان لەشاری ئەستەمبۆڵ، لە تەمەنێکی هەڵکشاو بەپیری و شەکەتییەوە، لە ساڵی١٨٧٧ وەفاتی کردووە (خۆشناو،٢٠١٧: ٤٢). کەوابوو لێرەوە دەگەینە

ئەنجامــی ئــەوەی، هــۆی تاراوگەبوونــی نالــی، لەپشــتیەوە ناچاربوونێــک هەیــە، نالیــش بەپێــی پارچــە شــیعری «درونــی لــدار الشــارەزور و بــردە« بێــت، کەسێک بــە هــۆکاری دەردی ئاوارەبوونــی دەزانێــت. ئــەم کەســەش وەکــو باســمان کــرد دەســەڵاتێکی دینیــی و پێگەیەکــی کۆمەڵایەتــی بەهێــزی هەبــووە.

بــە پێیــی دیوانەکــەی نالــی، لێکۆڵینــەوە و لێکدانــەوەی مــەلا عەبدولکەریــم مودەریــس و کوڕەکــەی، ئەگەرچــی مێــژووی تۆمارکردنــی شــیعرەکانی نەنــووسراوە، بــەڵام وا پێدەچــێ قەســیدەی «قوربانــی تــۆزی ڕێگەتــم[١]» پــاش پارچــە شــیعری «درونــی لــدار الشــارەزور و بــردە«، نووسرابێتــەوە. عەبدوڵــڵا حــەداد، لــە کتێبــی نالــی لــەدەرەوەی کوردســتاندا، ئامــاژە بــەوە دەکات، کــەوا ئــەم قەســیدەیە دوای ڕووخانــی میرنشــینی بابــان لــە شــام نــووسراوە، پاشــان نالــی نەگەڕاوەتــەوە و بــۆ ئەســتەمبوڵ چــووە (حــەداد،٢٠٠٠: ٨-١٠). مسعود محەمەدیش لەکتێبی «چەپکێـک لەگوڵـزاری نالــی»دا، هەمــان ڕای هەیــە، ئامــاژە بــە ڕووخانــی میرنشــین و مانــەوەی لەشــام و پاشــان چوونــی بــۆ ئەســتەمبوڵ دەکات (محەمــەد،٢٠٠٧: ١٣).

ئەوەی مەبەستمانە لەقەسیدەی قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەو دێرە شیعرەیە:

ئایــا مەقامــی ڕوخســەتە لــەم بەینــە بێمــەوە
یامەســڵەحەت تەوەقوفــە تــا یەومــی نەفخــی ســوور؟

(مدریس و عبدالکریم،١٩٧٦: ١٩٧)

پرســیارکردنی هاوشــێوەی ئــەم دێــڕە بــۆ کەســایەتی و پێگــە مەعریفییەکــەی نالــی جێگــەی ســەرنجە، چونکــە ئەگــەر ڕووخانــی میرنشــینی بابــان هــۆی نەگەڕانــەوەی بێــت، ئــەوا هەرگیــز ئــەو پرســیارەی ئاراســتەی بەرامبەرەکــەی نەدەکــرد، کــە ئایــا پێشــنیاری بــۆ گەڕانــەوەی چییــە. ئێمــە پێمانوایــە ئەگــەر هــۆکاری تاراوگەبوونــی نالــی ڕووخانــی میرنشــین بێــت، چ پێویســت دەکات داوای ڕوخســەت بــکات، پرســیارێکی لــەو شــێوەیە بوارێــک لــە زەینــی خــاوەن پرســیار و دەرفەتێــک بــۆ گەڕانــەوەی دەڕەخســێنێت، بــەو مانایــەی ئــەو هــۆکارەی بۆتــە هــۆی تاراوگەبوونــی دوای ڕووخانــی میرنشــینیش هــەر ماوەتــەوە. نالــی، لەقەســیدەی قوربانــی تــۆزی

---

١- قوربانــی تــۆزی ڕێگەتــم ئــەی بــادی خــۆش مرور
ئــەی لوتفەکــەت خەفیــی و هــەوا خــواه و هەمدەمــە
ئــەی هــەم میزاجــی ئەشــکی تــەڕو گەرمــی عاشــقان
قەسیدەکە تا دەگاتە:
حاڵــی بکــە بــە خوفییــە: کــە ئــەی یــاری ســەنگ دڵ
ئــەی پەیکــی شــارەزا بەهەمــوو شــاری (شــارەزور)
وەی سروەکــەت بەشــارەتی سەرگۆشــەیی حــوزور
تۆفانــی دیــدە و شــەرەری قەلبــی وەک تەنــوور ...
"نالــی" لــە شــەوقی تۆیــە دەنێــری ســەلامی دوور
(مدریس و عبدالکریم،١٩٧٦ : ١٧٤-١٩٧).

ڕێگەتـم و پارچـە شـیعرەکەیدا (شـارەزوور)، ئـەو شـوێنانەی لەنێـو دێـڕە شـیعرەکانیدا ئامـاژەی بـۆ کـردوون، لەهەردووکیانـدا شـێوازی بیرکردنـەوە و بەیادهێنانـەوەی زەمەنـی ڕابـردوو هاوشـێوەی یەکـن، ئەمـەش لـەڕووی ئێسـتەتیکی شـیعریی و شێوازی بیرکردنـەوە و دونیابینیـی نالـی لەیەکـەوە نزیکـن. بەخوێندنـەوەی قەسـیدەکە تـا دەگەیتـە دێـڕە شـیعری مەقامـی ڕوخسـەتە، وەسـف کـردن و بەیادهێنانـەوەی شـوێنە، ڕەنگـە ئـەم شـێوازە بـۆ سـەرنج ڕاکێشـانی بەرامبەرەکـەی و جۆرێـک لـە دڵ پێداسـووتانەوە بێـت.

(سـەیوان) نەزیـری گونبـەدی کەیوانـە سـەبز و سـاف
یاخـۆ بـووە بـە دائیرەیـی ئەنجومـی قوبـور؟!
ئێسـتەش مەکانـی ئاسـکەیە «کانـی ئاسـکان»،
یاخـۆ بـووە بـە مەلعەبـی گـورگ و لوورەلـوور؟!
ئێستەش سوروشـکی عیشـقی هەیـە «شـیوی ئـاودار»،
یاخـۆ بـووە بـە سـۆفیی وشـکی لـە حـەق بـە دوور؟!
داخـو دەروونـی سـافە، گـوڕەی مـاوە «تانجـەرۆ»
یاخـۆ ئەسـیری خاکـە بـە لێڵـی دەکا عوبـوور؟!
سـەیرێکی خـۆش لـە چیمەنـی نـاو «خانەقـا» بکـە
ئایـا ڕبیعـی ئاهـووە، یـا چایـری سـتوور؟!

(مدریس و عبدالکریم،١٩٧٦: ١٨٧-١٨٨)

نالـی وەک شـاعیرێک، هەسـتی دووره وڵاتـی و لێکەوتەکانـی تاراوگـەی لـە ڕەهەنـدی دیندارییـەوە نووسـیوەتەوە، شـیعری «درونـی لـدار الشـارزور و بـردە» بەڵگـەی ڕاسـتی ئازارەکانییەتـی:

درونـی لـدار الشـارزو و بـردە  کفرمیسـک گـرم الـی او سردە
تـری وردە قوتـا و جوتـا و سـلیقا  فیـا قوتتـی مـن جوتـە ثـم فـردە
تـری عینـە الابدان مـن «خـاک و خۆل»ە  تـری منـدل الاوراق مـن تـوز گـردە
تـری دشـتە بالـورد کانـت بهشـتە  نـم الـورد بـاران علـی خـاک بـردە
شوانی «سـلیمانی»، سبای «پیرمسور»کی  کوانی»قـرەداغ»، هـوای «دار زرد»ە

پارچە شیعرەکە تا دەگاتە:

وکـم نـال «نالـی» مـن شـفا سـاقیانە  شـفا، هـل شـفا مـن نـال «نالـی» بـدردە

(مدریس و عبدالکریم، ١٩٧٦: ٤٠٤-٤٠٦)

نالی لەم پارچە شیعرەیدا دەردە دڵی ئاوارەیی و خەمەکانی دووری لەنیشتمان تیایدا جێکردۆتەوە، نیگارکێشی وێنەیەکە، تاراوگەی بەدۆزەخ و نیشتیمانی بەفیردەوس وێناکردووە، تاراوگە «لای نالی گریانە بۆ ئەو جێگایەی کە جێی دێڵێت، نەوەک سەفەرێک بێت لەو هەست و نەستانەدا کە بینینی»جیهانی بەرامبەر یان جیهانی ئەوانیدی» لەمرۆڤدا دروستیدەکات»(عەلی،۲۰۰۵: ۲۰). دیسکۆرسی پارچە شیعری «درونی لدار الشارزور و بردە»، وەک «لێستنەوەی دار و بەردی نیشتیمانە»(عەلی،۲۰۰۵: ۲۶)، ناخودئاگا بەردی بناخەی پرۆژەیەک دادەنێ لەدوایدا سەرلەبەری ئەدەبی تاراوگەی کوردی ڕەنگڕێژ دەکات. نالی لە تاراوگەوە، بەشێوەیەکی وا سەرنجی زادگا و مەڵبەندی نیشتەجێبوونی داوە، ئەم جۆرە تێفکرینە ژیانی تاراوگەی بە خاڵی وەستان و ژیانی پێشووی بە پڕجووڵە و هێزی ئەندێشەی زانیوە، بەمەش لەتاراوگەوە بەهای شوێنی لەدەرەوە بۆ ناوەوە، گۆڕیوەتەوە، بەو مانایەی ژیانی خۆی لەتاراوگە بەخاڵی وەستاو زانیووە و ژیانی زادگای بەشوێنی هەڵکشانی فیکری زانیووە، بەشێوەیەک کردوویەتیە چەقی پیرۆزییەکانی و هەردەم ئیلهامبەخشی بیرکردنەوەکانی بووە.

دنیابینیی نالی شوێن پێدراوێکی پیرۆزی هەیە و گوزارشتی دیندارانەی کەسییە، بەو مانایەی نالی باسی کۆی سەرزەمینی میرنیشنی بابان ناکات، بەڵکوو باسی جوگرافیایەکی بچووکی ناوچەیەک دەکات، بۆیە نالی لە تاراوگەوە نیشتیمان لە ڕووبەرێکی سیاسیی، دەکاتە کۆیادەوەری کەسی و پەیوەستی ئۆنتۆلۆژی خۆی دەکات، ئەمەیشی لەناوهێنانی شوێنەکانەوە بەرجەستەکردووە، ئەگەرچی مەبەستی ناساندن و ئاشناکردنی بەکەسێکی بێگانە نییە، بەڵکو لەسەرزەمینی تاراوگە بەیادهێنانەوەی شوێنی لەدایکبوونی دەستەبەرکردنی ئاسوودەیی ڕۆحییەتی. لە شیعرەکەیدا پرسیاری کۆمەڵێک شوێنی وەک، «شارەزور، خاکوخۆڵ، سلێمانی، پیرمەسوور، قەرەداخ، داری زەرد، سەرچنار، تانجەرۆ» دەکات، دیارە بۆ دەروونی نالی ئەم شوێنانە کاریگەری دروست کردووە، ڕێی تێدەچێت لە تاراوگە لەکۆی ئەو گەڕان و گۆڕانەی بەسەر واقیعی ژیانیدا هاتووە، لە ڕێی ئەم شیعرەیەوە ئامانجی بووە بە نێو شوێنی دڵگیر و سروشتی زێدی لەدایکبوونیدا گوزەرێک بکات، چونکە ئەم شیعرە بە دوای بەرائەتی ژیانێکی لەدەستچوودا دەگەڕێت. لە ڕێیی شیعرەکەیەوە نالی گەڕیدەیەکە عەوداڵی بینین و هەواڵزانینی ئەو شوێنانەیە، کەوا ئاماژەی پێداون.

لای نالی باس کردنی شوێن، لەسەر بنەمای تێفکرین و دونیابینی نەتەوەیی نییە، بەو چەمک و تێگەیشتنەی ئێستا هەیە، بەڵکو لەڕەهەندی دینداریەوەیە، «ماناکانی شوێن لە سەردەمانی نالیدا بارگاوی نەبوون بەمانای نەتەوەیی، نالی لەناو دونیایەک نەژیاوە ئینتیمای نەتەوەیی چوارچێوەی سەرەکی شوناسی تاکەکەس و کۆمەڵایەتی بووبێت، بەپێچەوانەوە نالی لەدونیایەکدا ژیاوە ئایین دەست نیشانی ئینتما و شوناسی تاک و گرووهەکانی کردووە، جوگرافیاش هەڵگری مانا و دابەش کردنە ئایینیەکان بووە»(قانع، ٢٠٠١: ٨٥). ئەزموونی نووسینی ئەم شیعرەی نالی(درونی لدار الشارزور و بردە)، لە ڕووی شێوازی داڕشتن و چۆنیەتی ئاراستەکردنی گوتاری نێو دێڕە شیعرەکانیەوە، بۆ هەمان ئەو دونیابینییەی لە قەسیدەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم» هەیە، دەگەڕێتەوە. نالی هیچ شتێکی لەسەر تاراوگە نەدرکاندووە، بەهیچ جۆرێک باسی سەرزەمینی تاراوگە ناکات، تەواو لەبەرامبەر ژیان و کەلتووری تاراوگە بێدەنگە، بۆ شوێن و زادگای خۆی پرسین و دەربڕینی سۆزێکی بێ ئەندازەی تێدایە. دەقی شیعری «درونی لدار الشارزور و بردە»، هەڵقوڵاوی هەست و خود ئاگایی نالییە، هەڵگری تەواوی ئەو ئەگەر و ئەزموونانەیە، کە دەروونی پڕ سوێی لەدووری مەنزڵگەی، چەشتوویەتی، سەرلەبەری هزر و هەست و دونیابینی ئەو، لەبەرامبەر خاکی لەدەستچوو پێکدێنێ، نالییش لەم شیعرەیدا جوگرافیای سایکۆلۆژی خۆی لەمەڕ شوێنی لەدەستچووی باس دەکات، «کۆششی نالی لەم پرس و جۆیەدا وەدەستهێنانی وەڵامێکە تا بتوانێت پێناسەی خۆی پێ بکات، پێناسەی خۆی وەکوو مرۆیەکی دوورەوڵات و ئاوارە، ئەو لە ڕابردوویەکی پیرۆز دەدوێت، دەیەوێت بە ڕابردوو بردنە ژێر پرسیارەوە، وەسفی ئێستای خۆی بکات»(سیوەیلی،٢٠٠١: ٥٢). لە شیعرەکەیدا دیالۆگێکی سازاندووە، لەنێوان ڕابردوویەک کە خۆشترین ساتەکانی ژیانی تیادا گوزەراندووە، بارگاوییە بە بەهای هەموو ئەو شوێنانەی لەشیعرەکەی ئاماژەی پێکردوون، ئەو شوێنانەی مەڵبەندی چەکەرە کردنی مەعریفەی دیندارانەی نالییە. بە کۆتایی هاتنی ژیانی نالی، کۆتایی بەقۆناغی تاراوگەی دینداری دێت، هاوکاتی ئەمەش دەسپێکی سەرەتایەکە، جووڵانەوە و ڕاپسکانی نەتەوەیی لە سەرپێکەوتن بووە، کۆمەڵێک ڕێکخراو و ئۆرگانی ناسیۆنالیستی بەرەو پەیدا دەکەن، خەڵکیان لەدەور کۆ دەبنەوە، هۆیەکەشی لاواز بوونی دەوڵەتی عوسمانی و گەندەڵ بوونی دەزگا

و سیستەمی بەڕێوەبەری و هەرەسهێنانی باری ئابوورییە، لەلایەکی دیکەشەوە ئارەزووی خوێندنی مەکتەب و وەرگرتنی زانیاری غەیرە دینیی...هتد، بۆ بڵاجەدانی بیری ناسیۆنالیستی یارمەتیدەر بوون.

**٦- قۆناغی دووەم: تاراوگە لەڕەهەندی ناسیۆنالیستییەوە**

ئەم قۆناغە بۆ پێیی دەوترێت، ناسیۆنالیستی، هەموو ئەو پیاوانەی لەماوەی ئەم قۆناغەی تاراوگە، ڕەتێنراون یاخود سەریان پێهەڵگیراوە، بەهۆکاری دینیی، سیاسی یا خود کۆمەڵایەتی بووبێت، بەرهەمەکانییان نواندنەوەی ویستی کوردخوازانەیە، لەماوەی نێوان ئەم قۆناغەدا، تاراوگە و ژیان لەسەر خاکی بێگانە، بۆ هەستی نەتەوەیی وەردەگێڕدرێت بەجیاواز لەقۆناغی پێش خۆی، لە پێناوی خزمەتکردنی نیشتمان بەکاردێت.

ئەم قۆناغە(١٨٥٨-١٩٥٨) نزیکەی سەدەیەک دەخایەنێت، سەرەتای ئەم قۆناغە لە تاراوگەبوونی حاجی قادری کۆییەوە دەست پێدەکات، کۆتاییەکەی ئەم قۆناغەش بە کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٨ کۆتایی پێدێت. ساڵی ١٨٥٨ حاجی ڕووەو تاراوگەی ئەستەمبوڵ سەر هەڵدەگرێت(محەمەد،١٩٧٤،بەرگی دووەم: ل١٨٨)، شێخ ڕەزا لە ١٨٥٦پەڕیوەی ئەستەمبوڵ دەبێت (خەزنەدار،٢٠١٠،بەرگی چوارەم:ل٢٩٨)، پیرەمێرد لە١٨٩٨ لەئەستەمبوڵ دەبێت (ئاشنا،٢٠٠٩:ل٤٩)، زێوەر لە ساڵی(١٨٩٨) ئەستەمبوڵ مەنزڵگەی مەعریفە و دونیابینی بووە(خەزنەدار،٢٠١٠،بەرگی پێنچەم:ل٢٣٨)، ئەسیری ١٩١٣-١٩٢١ لەشوێن و ناوچە جیاوازەکانی سنە، سەقز، بانە، ئەستەمبوڵ ماوەتەوە(خەزنەدار،٢٠١٠،بەرگی شەشەم: ل٣٢١)، پاشان بەشێکی دیکەی تاراوگەبووانی ئەم قۆناغە لە ئەنجامی داواکردنی مافە نەتەوەییەکانیان بووە، بنەماڵەی بەدرخانییەکان ماوەیەکی زۆر لە تاراوگەی قاهیرە و شامدا ژیاون، ئەو تاراوگەبوونەیان وزەیەکی لەبن نەهاتووی بە بیری ناسیۆنالیستی کورد بەخشیووە، تەنانەت هۆیەکی گرنگیش بووە بۆ دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە شاری قاهیرە لە ساڵی١٨٩٨، لەلایەن میقداد بەدرخانەوە (ئەحمەد، ١٩٧٨:ل٥٨-٥٩). ماوەی نێوان ئەم قۆناغە، ناوچەکە تووشی چەندین ڕووداوی گەورە بووە، هەر لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و پاشەکشەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەناوچەکە و پاشان هاتنی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز و پەیماننامەی

سیڤەر و لۆزان، مۆرکراوە. پاشان لەو ماوەیەدا چەندین ڕاپسکان و ڕاپەرینی چەکدارییانە ڕوویداوە کاریگەرییان لەسەر بیری ناسیۆنالیستی تاکی کوردەوە هەبووە. لەکاتی شکست و سەرنەکەوتنی ڕاپەرینەکان ئەوا سەرکردەکان و هەندێک لە شاعیر و ڕۆشەنبیران ئاوارەی تاراوگەبوون. لە ڕووی میتۆدییەوە گونجاو نییە شێوەی کرۆنۆلۆژی بدەینە شێوازی تاراوگەبوونی ئەم پیاوانەی دونیای تاراوگەی کوردی، هەموویان سەرچاوەی تاراوگەبونیان لە یەکەوە نزیکە بۆیە سەرئامەدانی ئەم قۆناغە بەنموونەی تاراوگە هەڵدەبژێرین.جگە لەمانەش کۆمەڵێک لە منەوەرانی کورد لە ساڵانی جیاوازی سەرەتای سەدەی بیستەم مەڵبەندی خۆیان جێهێشتووە و لە شوێن و مەڵبەندی دیکە گیرساونەتەوە. لە ئەستەمبۆڵ لە دوای گۆڕینی دەسەڵات و هاتنە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی مستەفا کەمال، ئەو کوردانەی لە ئەستەمبۆڵ و شارەکانی دیکەی تورکیا لەژیاندا مابوون بە ناچاری گەڕاونەتەوە نیشتمان، لەوانە:(ئیسماعیل حەقی شاویس، ئەمین زەکی بەگ، حوسێن حوزنی موکریانی، مەعروف جیاوگ، پیرەمێرد، زێوەر ... هتد) بوون. ئەم پیاوە تاراوگەبووانە گۆشکراوی نێو شارە جەنجاڵ و قوتابخانە ئاست بەرزەکانن، تیایدا گیروگرفتی دونیای سیاسەت، مەتریالی سەرەکی خوێندنیان بووە. لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، خوێندەوارەکانی سەروکاری پڕۆسەیەکی دوور و درێژی سەرهەڵگرتن و جێهێشتنی نیشتمانیان هەیە، تا دەگاتە حاجی قادر و بەدواوەیشیدا بەردەوامە. لەتاراوگە حاجی قادر بە شیعرەکانی لەدەریای ناسیۆنالیزمی تازە بابەت مەلەی کردووە، بووەتە سەر قەتاری کاروانی ئەو ڕۆشنبیر و خوێندەوارانەی، لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەرپێ کەوتبوون، دونیابینی تێفکرینی جودا و جیاوازی لە قۆناغەکانی پێش خۆی هەبووە.

## ٦-١- حاجی قادر ١٨١٦- ١٨٩٧ ز.

جوامێرێکی بەلەنگاز و ڕەمەکی بووە، کوڕی زیزبووی نیشتمانە، هەڵات لەبەری و مرد بۆی، حاجی دەڵێت: «مەپرسە دەردی غەریبی و لەززەتی وەتەنم ئەوی لە دەستی دەگریام ئەمێستە بۆی دەگریم» (میران و شارەزا،٢٧٠٧کوردی: ٧٦). ئەو ڕۆژگارەی حاجی قادری کۆیی تیایدا دەربەدەر و ئاوارەبووە، لە باشوری کوردستان (سنووری قەڵەمڕەوی میرنشینی بابان)، کورد بە تاریکترین

و شــوومترین ســاتەوەختەکانی خۆیــدا تێپەڕیــووە. میرەکانــی میرنشــینی بابــان دوای نەمانــی میرنشــینەکەیان لــە مەڵبەنــد و شــارە گەورەکانــی تاراوگــە، لاکــەی ســەریان هاتــووە.

دۆخــی تاراوگەبوونــی حاجــی قــادر، وەکــو قۆناغــی پێــش خــۆی نییــە؛ ململانێی بــەرز نیشــاندانی پێگــە و گەورەیــی دەســەڵاتی ئایینــی بێــت، بەڵکــو حاجــی قــادر دەکەوێتــە ڕەتکردنــەوەی ئــەو نــۆڕم و دۆخــە ســەپاوەی ئاییــن بەســەر کۆمەڵگــەوە هەبیــووە، لــەم بارەیــەوە دەڵێــت:

ووشــکە ســۆفی بڵــێ بە شــێخی تــەرەس     بــا بــە ســەرما نەیــێ میســالی هــەرەس
عەجەبــا شــاعیری نەناســیوە     شــێر و عەنــا دەکاتــە مــوور و مەگــەس
(میران و شارەزا،۲۷۰۷کوردی: ٦٤).

ئەگــەر مەولانــا خالیــد کێشــمەکێش و ململانێــی بــۆ چەســپاندنی دەســەڵات و گەورەیــی پێگــەی خــۆی بوو‌بێــت، ئــەوا حاجــی قــادر بەجیاوازتــر لەمانــە دژی ئــەو نۆڕمــە ئایینییــە بــووە، کــە ئــەوان چەســپاندوویانە. مەولانــا خالیــد و نالــی جەمســەری پێگــەی ئایینــی ســەردەمەکەیان بــوون، کەچــی حاجــی باوکمــردووی کــوڕە دایــک (هەتیــو[1]) بــووە، لــە هەوڵــی شــکاندنی ئــەم جەمســەربەندییە ئایینییــە بــووە. تاراوگەبوونــی حاجــی قــادر بەرەنجامــی دۆخ و ســەردەمێکە، ئاییــن و لێکەوتەکانــی، ڕاڤــەکار و بەخشــەری مانــا بەتــاک و کــۆی کۆمەڵگــە بــووە. ئــەو ڕۆژگارەی حاجــی قــادر لــە نیشــتمان بــووە، ئاییــن لە چنگــی نوخبەیــەک لە شــێخ و مــەلای دیاریکــراودا بــووە، ئەمانــە پێیانوابــووە لــە ئــاوەزی ئایینیــدا شــتێک بەنــاوی ڕەتکردنــەوە و نەچوونــە ژێربــار و دژ وەســتان نییــە، حاجــی قادریــش دژی ئــەم جــۆرە پیرۆزکردنەبــووە، کــە لەلایــەن پیاوانــی ئایینیــەوە لەســەر بنەمــای کۆمەڵێــک ئەفســانەی نابەجــێ خەریکــی دەســت بڕیــن و ڕووتانــەوەی خەڵکــی هــەژار و بــێ دەرەتــان بــوون. پــەردە هەڵماڵینی ئــەم فۆڕمــە لــە دیــن، حاجــی قــادری ناچــار کــرد لــە پێنــاوی پاراســتنی خــۆی، وڵات جــێ بێڵــێ :

«فەرقــی ناکــەس لەگــەڵ ســەگان ناکــەم     هــا بــە عەکســی بخوێنــەوە نــا کــەس
حــەز دەکــەی تــێ بگــەی لــە بــێ دینــی     بــە دەروێشــی شــێخەکان بــە هــەوەس»

۱ . باوکم ئەحمەد بوو ناوی فیکرم دێ / خەڵقی لادێ بوو دایکی من فاتێ (میران و شارەزا،۲۷۰۷کوردی: ۱۷)، عەلائەدین سەجادیش لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، لەم بارەیەوە دەڵێت: «هەر بە منداڵی باوکی مردووە، دایکی لەبەر هەژاری و بێ نەوایی هەڵی ئەگرێ و ئەیهێنێ بۆ کۆیە» (سەجادی، ۱۹۷۱: ۳٤۲).

(میران و شارەزا،٢٧٠٧کوردی: ٦٤)

ئەگەرچی حاجی قادر ڕۆشنبیرێکی ئایینی سەردەمی خۆی بووە، ئاستانەی مزگەوت و حوجرەکان لە خەملینی مەعریفەی حاجی قادر ڕۆلیان هەبووە، بەڵام لەبەرانبەر ئایین و پیاوانی ئایینی، تێفکرین و دونیابینی تایبەتی خۆی هەبووە. حاجی لەمەتەرێزی ئایینەوە، سەنگەری لە هەندێک شێخ و مەلاکانی کوردگرتووە، بەوەی لەبەردەم پێشکەوتن و وشیاری ڕێگربووینە. حاجی مەبەستیەتی تاکی کورد بۆ مەسەلەی بیر و وشیاری، ئایین بە لەمپەر نەزانێ، بەگژدا چوونەوەی ئەم تێگەیشتنە لە دوو توێی شیعرەکانی کردۆتە چەقی قورسایی باسەکانی و بە تێڕوانین و سەرنجەکانی خۆی فۆڕمێکی دیکەی بەرهەم هێناوە، هەر بۆیە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تووشی سەرهەڵگرتن و دەربەدەری دەکات. تاراوگەبوونی حاجی لە دەست نەیار و ناحەزانی کورد نەبووە، بەڵکو لەدەست پیاوە ئایینیە هاوزمانەکانی خۆی بووە، کەوا ئایینان تێکەڵی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک کردووە و چەوساندوویانەتەوە، لەم ڕوانگەیەوە حاجی تا لەنیشتمان بووە، هەوڵیداوە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕوو هەڵماڵینی پیاوانی ئایینی ببێتە بڵندگۆیەک.

حاجی سەرهەڵگرتنی ڕووەو مەڵبەندی ئایین (مەککە) نەبوو، بەڵکو ڕووەو ئەستەمبوڵ بوو، ئەمەش پەیوەندی بە ڕادەی هۆشیاری حاجی خۆیەوە هەیە، لە هەڵبژاردنی شوێندا سەرکەوتوو بووە، «هەستی زۆر جیاوازبوو لە هەستی مەلاکانی تری کوردەواری، بەڵام بە چوونی بۆ ئەستەمبوڵ بەتەواوی گۆڕا و حاجییەکی تری لێ خولقا» (مەلاکەریم،٢٠٠٨: ٢٠). وەک کەسایەتییەکی ڕۆشنفکری سەردەمی خۆی، لەڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵیداوە، ئازار و نەهامەتییەکانی نەتەوەکەی نیشان بدات، بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی میللەتەکەی لە تێکۆشان و نووسیندا بووە و نەفەسێکی تازەی شیعر نووسینی خولقاندووە، «لە شیعرەکانیدا دەروونی خۆی کردۆتەوە و هەست و بیری دەربڕیوە، تا فکری تێی بڕ کردبێ بە دڵێکی پاک و قەناعەتێکی تەواوەوە ویستوویەتی خزمەتی کوردەواری بکات»(محەمەد،١٩٧٣: ٢٣). حاجی قادری کۆیی لە تاراوگەدا، بۆ ژیانی کۆمەڵگەی کوردی سەرەتای قۆناغێکی نوێی ڕەنگرێژ کردووە. کۆمەڵگەیەک حاجی لەنێو شیعرەکانیدا پلان و هەنگاوەکانی سەرپێ خستنی بۆ داڕشتووە، چونکە بۆخۆی لەسەرزەمینی تاراوگە خاوەنی

دنیابینیی و شێوەیەکی نوێی ژیان بووە، کەوا لێکەوتەی جێهێشتن و ئاوارەبوون بووە، لەم بارەیەوە وتوویەتی:

تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد هەروا دەبنە خەرابە ئاباد
ئەنواعی میلەل لە گەورە تا چووک خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووک
(میران و شارەزا،۲۷۰۷کوردی: ۱۷۷)

حاجی قادری کۆیی شیعرەکانی تاراوگەی ڕاجەنینێکن بۆ ورياکردنەوەی تاکی کورد لەنێو شەوەزەنگی مێژوودا. لە تاراوگەدا، حاجی قادری کۆیی کۆمەڵگەی کوردیی کردۆتە چەقی تێڕوانینەکانی، لەوێوە ڕابردووی زێڕینی ئەو کۆمەڵگەیەی بە دەنگ هێناوە، وەکو ئارکۆلۆژیستێک لە ژێر تەپ و تۆزی زەمانە، ڕابردووی کوردیی هەڵداوەتەوە و جارێکی دیکە وەکو کەرەستەیەک بۆ ڕابوون و ڕیفۆرمێکی تازەی کۆمەڵایەتی وە بەر چاوی خستووە، بۆ دروستکردنی زەمەنێکی تازەی تەڤگەری نەتەوەیی لە نێو میراتێکی ئیتنی کۆندا، خۆی کردۆتە ئامرازێک، هەروەک لەم پارچە شیعرەیدا دەڵێت:

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی موحەققەق داکی حیزە، بابی زانی
وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی تەفەننون خۆشە گەر چاکی بزانی
سەلاحەددین و نوورەددینی کوڕی عەزیزانی جزیر و مووش و وانی
موهەلهەل، ئەردشێر و دەیسەمی شێر قوباد و باز و میری ئەردەڵانی
ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت لەبەر بێ دەفتەری ون بوون و فانی
(میران و شارەزا،۲۷۰۷کوردی: ۱۴۸).

لە تێکستە شیعرییەکانیدا ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەو ڕۆشنگەرییە قووڵەیە، بەسەر تەواوی تێکستەکانی تاراوگەیدا باڵی کێشاوە، پەیوەندی نێوان سەردەم و شوێن و مرۆڤەکانی، بەزمانێکی نەرم و چڕ و ورد بە شێوازی تێفکرین و دونیابینیی خۆی ئاراستە کردووە و لە وەسفی درێژ خۆی بەدوور گرتووە. گوتاری تێکستەکانی شیعری تاراوگەی، زادەی پڕۆژەی ڕۆشنگەری ئەقڵی حاجیە، ئەم گوتارە لە ئێستادا وەکو میراتێکی ڕۆشنبیری لە مێژوودا شایانی درک پێکردنە. بۆیە لەم قۆناغەیدا، تاراوگە بۆ دۆخی تێڕامان و بیرکردنەوە لە نیشتمان وەردەگێڕدرێت، تێڕامان بۆ دۆخی چەقبەستوویی و هەنگاو هەڵێنان بۆ پێشکەوتن و دروست بوونی کیان و چوارچێوەی دیاریکراو بۆ نەتەوەی کورد، لەم نێوەندەشدا حاجی قادر داکۆکیکارێکی سەرسەختی هاندان بەرەو

یەکبوونـــی گــەل و ڕەتکردنــەوەی چینــە دەســەڵاتدارە کۆنەپەرســتەکان بــوو.

لــە قۆناغــی تاراوگــەی حاجــی قــادر و هاوڕێکانیــدا، چیدیکــە نیشــتمان لەتێڕوانینــی کەســانی تاراوگەبــوو، ڕەمــز و هێمای ئایینــی بەســەردا نابڕێــت، بەڵکــوو ڕەهەنــدی نەتەوەیــی وەردەگرێــت. نیشــتمان لــە پەیوەنــدی بــە مێــژوو، دۆخــی کۆمەڵایەتــی و سیاســیەکانیەوە دەخوێندرێتــەوە، لێــرەوە ڕەخنەگرتــن لــە نیشــتمان و پەنجــە خستنەســەر دەردە کۆمەڵایەتییــەکان، دەبێتــە بەخشــینی ناســنامەی تاکێکــی خێــردار و بەســوود بــۆ نیشــتمان، ئــەم شــێوازی مامەڵەکردنــە بەســەر چەندیــن ئاراســتە و ڕەهەنــدی جیــاوازدا لــە هەســت و تێفکرینــی حاجــی قــادر و هاوڕێکانــی دەبێتــە بنیاتــی نووســین و تێکســتەکانی شــیعریان. لــەم قۆناغــەدا، نیشــتمان لــەوە دەکەوێــت، کــەوا پەیوەندییەکــی ڕۆمانســی بەهێــزی لەگــەڵ دەروونــی تاراوگەبــوودا دروســت بــکات، بەڵکــوو ئــاوەز و تێفکرینــی نەتەوەیــی دەبێتــە هەوێنــی بیرکردنــەوە و لەخــۆ ڕوانیــن بــۆ دۆخــی دواکەوتوویــی و لەبەریــەک هەڵوەشــانەوەی ماکەکانــی کۆمەڵگــە. لەســەردەمی حاجیــدا ئەســتەمبوڵ وەکــو مەڵبەندێــک بــۆ ڕووناکبیــر و خوێندەوارەکانــی کــورد، ڕەنگدانــەوەی بەســەر بەرهــەم و تێفکریــن و دونیابینییانــدا هەبــووە، تیایــدا کۆبوونــەوە و بــزاوت و جووڵــەی سیاســیی و ئەدەبیــان ئەنجامــداوە.

لــە ڕۆمــا کەوتــە بەرچــاوم کەسێکی هائیــم و حەیــران
بەهەیئەت تێی گەییم کوردە بەشێوەی ئەهلی کوردســتان
کەچوومە خدمەتی پرسیم برادەر خەڵکــی کام جێگای؟
لــەکام لا هاتــووی؟ گریــا گوتــی بابــان، گوتــم بابــان؟

(میران و شارەزا،٢٧٠٧کوردی: ٨٣)

حاجــی قــادر بــە شــیعرەکانی لــە تاراوگــە، ســەرەتاکانی هێڵــی ناســیۆنالیزمی دەچەســپێنێ و ویژدانــی تاکــی کــورد لــە هەمبــەر زوڵــم و بێــدادی دەســەڵاتی ســەپێنراوی ســەر نەتەوەکــەی، کردۆتــە بەردەنگــی خــۆی، هــاواری مەزڵوومانــەی کــوردی لەهــەر شــوێنێکی نیشــتماندا، بەرزکردۆتــەوە، «هەڵبەســتەکانی لــەم ڕووەوە ســادە و ڕەوانــن، بــێ پــەردە و گــرێ واتاکانــی نــە شــاردۆتەوە تاکــوو تەئویلــی دوور لەمەبــەس هەڵگرن»(محەمــەد،١٩٧٣: ٢٣). ڕیشــەی پارادایمــی گوتــاری حاجــی، ئایدیــای دیاریکردنــی نیشــتمان و ســەرزەمینێکی دیاریکــراوە، کــەوا تاکــی کــورد بــە دەســتی خــۆی دروســتی بــکات، ئەمەش بــۆ پــرۆژەی ئەقڵە بیرتیــژ و ڕۆشــنگەرییەکەی دەگەڕێتــەوە. تاراوگــە بــۆ حاجــی دیســکۆرســی دروســتکردنی دەوڵــەت و زمانێکــی

یەکگرتوو و پاراستنی کەلتووری کوردی، لەهەناویدا هەڵگرتووە، فێربوو میللەتە پێشکەوتووەکان، ئەو نەتەوانەن، توانای دروستکردنی نیشتمان و وڵاتیان هەیە، وڵاتیش گوزاشتکەری ئیرادەی میللەتێکە بۆ مانەوەی، بەپێچەوانەشەوە، نەتەوەی بێ وڵات، ناتوانێ هیچ زیادەیەک بخاتە سەر ڕەوتی شارستانی و بەزوویی لەنێواندا ون دەبن.

هەرکوردە لەبەینی کوللی میللەت     بێ بەهرە لەخوێندن و کیتابەت

(میران و شارەزا،۲۷۰۷ کوردی: ۲۱۹)

حاجی قادری کۆیی تا لەماڵ و زێدی خۆی بووە، شیعری پڕ سۆیی بۆ نیشتمان نەنووسیوە، «کاتێ، کە چووە شاری ئەستەنبۆڵ و بیروباوەڕی کوردایەتی لەلا پەروەردە بوو»(میران و شارەزا،۲۷۰۷: ۲۹)، لەتاراوگەوە هەستی بۆ نیشتمان دەکەوێتەوە بیریەوە. پێچەوانەی شاعیرانی پێشووی تاراوگە، شوێن لای حاجی بەتەواوی سەرزەمینی نیشتمان دەگرێتەوە، تەنیا باس لەحوجرەو ماڵ و شوێنێکی دیاریکراو نییە، لەمەڕا هەستی ناسیۆنالیستی بە تۆخی بە بیری حاجیدا بە دیار دەکەوێت، تێپەڕکردنی ئەو هەستە دیندارییە، کەوا بۆ شوێن و ماڵ هەیەتی، بەیادهێنانەوەی نیشتمان نەوەک شوێن و چوارچێوەیەکی دیاریکراو. لەئەزمونی تاراوگەی حاجیدا، شوێنێکی دیاریکراو، گرنگی پێنەدراوە، بەقەد ئەوەی نیشتمان وەک بوونێکی بەرجەستەکراو، لەکۆیادەوەریدا مایەی گرنگی پێدانیەتی، نیشتمان لای حاجی قادر لەچوارچێوە جوگرافییەکەیدا بزوێنەری ئاوەزی حاجییە، لە پشتی ئەم تێفکرینەوە هەستێکی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی ئامادەیی هەیە. بەسەرنجدانی ئەم تێکستە شیعرییە، دەکرێ ڕاستی ئەم نووسیانەی سەرەوەمان بۆ ڕوون ببێتەوە.

گوتم بە بەختی خەواڵوو

گوتم بەبەختی خەواڵوو بەسە ئەتۆبی خودا
لەخەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا
گوڕەی بەهاریە ئێستێکە شاخ و داخی وڵات
پڕ لە لالە و نەسرین و نەرگسی شەهلا
لە گرمەگرمی سەحاب و لە هاژەی باران
چیایە پڕ لە هەرا و نواڵە پڕ لە سەدا

(میران و شارەزا،۲۷۰۷: ۳۹)

## ٦-٢- پیرەمێرد ١٨٦٧- ١٩٥٠ ز.

لەنێو دونیای ڕۆشنبیری کوردیدا، وەکو یەکێک لەو پیاوە قەڵەم بەبڕشتانەی تاراوگە هەژمار دەکرێ، پیرەمێرد وەکو کەسایەتیی و شاعیر و ڕۆژنامەنووسێکی چالاک، ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا گێڕاوە. لە سۆنگەی هەست کردن بە بەرپرسیارەتی و نواندنەوەی هەستی نەتەوەیی، بۆئەوەی بوونی کورد وەک نەتەوە بسەلمێنێ، چەندین بەرهەمی شیعری شاعیرانی کوردی بۆ سەر زمانی تورکی و فارسی[٧] وەرگێڕاوە، «لە ژیانی دەرەوەی نیشتمانیدا حاجی تۆفیق لە گێتیی ڕۆژنامەگەری دوور نەبووە. بە زۆری لەو ڕۆژنامە و کۆوارانەی بە زمانانی تورکی و فارسی بڵاو دەکرانەوە نزیک بووە، یا ئەوانەی لە ئێران بە فارسی دەردەچوون. بە گشتی نووسینی خۆی بەو دوو زمانە بۆ ئەوانەی وڵاتی عوسمانی و ئێرانی دەنارد و بۆیان چاپ دەکرد»(خەزنەدار،٢٠١٠: ١٠٥)، قەڵەمێکی بەبڕشت و ڕۆشنفکرێکی کارامە بووە، پاشان لەڕۆژنامەی»ژین«ی ئەستەمبووڵ،گەلێک بەرهەمی شاعیرانی کوردی باشووری کوردستانی بڵاوکردۆتەوە. پیرەمێرد، لەشیعرێکیدا دەڵێت:

مەیدانی کورد کە کورت بووە، بووە دەشتی ڕەی بە بەر
هەرچی بوو، هەرچی هات بەسەر ئەودا بەسەر چوو
ئەمڕۆ بە یەکێتی ئەبێ بەستین قەد و کەمەر
ڕۆژێکە دەست بدەینە دەستی یەک وەک برا

(مستەفا،٢٠١١: ١٢٣)

لە تاراوگەدا، هەستی ناسیۆنالیستی پیرەمێرد دەگاتە ئاستێک داوای زمانێکی یەکگرتوو بکات، تا بیکاتە زمانی سەرتاپای کورد، «لەئەستەمبووڵ غەزەتەی کوردی دەردەچوو، من لە «جۆڵەمێرگ»ەوە مەقالەیەکم بۆ ناردوون و تەکلیفم لەجمعییەتی کورد کردبوو، کە لە هەر دیارێکی کوردستانەوە زبانزانێک بانگ بکەنە پایتەخت و زبانێک بۆ عمومی کورد هەڵبژێرن و بیکەن بەفەرهەنگ و دەستوور»(ئاشنا،٢٠٠٩: ١٩)، پیرەمێرد پێیوابووە زمانی یەکگرتوو بۆ لەیەکتر تێگەیشتن و ناسینی تاکەکانی کورد لەهەر بستە خاکێکی نیشتمان بێت، یارمەتیدەرە. تاراوگە بۆ پیرەمێرد هێزی بیرکردنەوە و تێڕامان بووە. نیشتمان، سروشی پێدراوە شیعرییەکانی بووە، پایە و ئەرکی میری لای پیرەمێرد تەنها خزمەت و بەجێگەیاندنی ئەرکی نیشتمانی بووە، سلێمانی مەڵبەندی لە

دایکبوونـی هـەردەم لەهـۆش و هەسـتیدا ماخۆلانـی بـووە، چونکـە لەسـەر بنـج و بناوانـی کوردایەتـی فرچکـی گرتبـوو (خەزنـەدار،۲۰۱۰: ۱۰۶).

پیرەمێـرد لەفەرهەنگـی بیـر و شارسـتانییەتی کـورد، بۆیەکـەم جـار، بەجیـاوازی تـەواوی بیرکردنـەوە و تێڕوانینەکانـی شـاعیران و ڕۆشـنبیرانی پێـش خـۆی، چەمکـی «شـەهید» بـە ڕۆڵـە گیـان بەخـت کردووەکانـی نیشـتمان دەبەخشـێت. پێـش پیرەمێـرد ئـەم چەمکـە چوارچێوەیەکـی ئایینـی سـنوورداری بـۆ بەکارهاتـووە. ئـەم تێفکریـن و بیرکردنەوەیـە، تەرجومـە بوونـی هەسـتی ناسیۆنالیسـتی پیرەمێـردە لەنێـو دێـڕە شـیعرەکان و پەرەگرافـە پەخشـانییەکانیدا دەبینرێـت.

هاتـن شـەهیدەکان، بەجلـی سـووری خوێنـەوە
دایکـی وەتـەن، دە هەڵسـە سـڵاویان بسـێنەوە

(ئاشنا، ۲۰۰۹: ۱۳۱)

پیرەمێـرد لـە ژیانـی تاراوگـەی، تێکەڵی چەندیـن کۆمەڵـە و ڕێکخراوی ڕۆشـنبیری بـووە، لـە نزیکـەوە ئاشـنایەتی لەگەڵیـان پەیـدا کـردووە، لـە دوای گەڕانـەوەی بـۆ نیشـتمان ئـەم گاریگەرییـە لەسـەر پیرەمێـرد سـفت و سـۆڵ بـووە، هێنـدە بـە قووڵـی ڕۆحـی سـمیوە، لـە نیشـتمان دەرچـەی ئـەو هەسـت و خولیایـەی بەسـەر جووڵـە و بزاوتـە نەتەوەییەکانیـدا دەرکەوتـووە.

ئەوا ڕووم کردە تۆ، ئەی دایکی مشفق، بیست و پێنج ساڵە
لەغوربەتـدا، بەیـادی تـۆ ئەژیـم، خـودا شـاهیدی حاڵـە
بەیانـی دا، نەسـیم لای تـۆوە هـات، بۆنـی وەتـەن پێـوە
ئەوا نووسرایەوە پیرانەسـەر، عومرم لەسـەر لەسـەر نوێوە
ئەڵێـن نەفخـەی حەیاتـی پێوەیـە، بـادی بەهـار وایـە
بـەسروەی بـای وەتـەن مـاوم، بەهـارو بـای لـەلام بایـە

(ئاشنا، ۲۰۰۹: ۹/۲).

تاراوگـە بـۆ پیرەمێـرد، دیـارە زیاتـر پـێ بەخشـینی دونیایەکـی جیاوازتـر لـە نیشـتمان و مەعریفەیەکـی پـتر بـووە، لێبڕاوانـە، ئەزموونـی تاراوگـەی لەنێـو دێڕەکانـی شـیعریدا و لەنێـو نووسـینەکانی پەخشـانیدا بـووە، بـە شـێوازی ئامـۆژگاری و پەنـدی زەمانـەوە، ویسـتوویەتی تـاک و کۆمەڵگـەی پـێ بەئـاگا بێنێـت.

لەئەسـتەمبۆڵەوە هەڵسـام، لەخـەودا بـووم، هەتـا ئێـرە
لەسـەیری «فـی المنـام»دا بـووم، کەچـاوم کـردەوە لێـرە

(ئاشنا، ٢٠٠٩: ٩/٢).

لەئەنجامدا پیرەمێرد، دوای بیست و پێنچ ساڵ ژیانی لە تاراوگە، دەگەڕێتەوە مەڵبەند و نیشتمانی خۆی، بە هەگبەیەکی پڕ زانست و بەباوەڕێکی پتەوی نەتەوەییانەوە. دەکەوێتەوە دەرکردنی ڕۆژنامە و کاری رۆژنامەگەری لە باشووری کوردستان پەرە پێدەدات. هەر لە وەشاندنی رۆژنامەی ژیان و چالاکییە نەتەوەییەکانیدا ڕۆڵێکی ئێجگار باڵای گێڕاوە. ئەمەشی بۆ مەبەستی ئاگایی نەتەوەیی و سەرپێخستنی نەوەیەکی وشیار و زرینگ بووە. لای پیرەمێرد زیندووکردنەوەی کەلتووری نەتەوەیی، لەڕێگەی بەیادهێنانەوەی حیکایەت و ئەفسانەکانی کوردییەوە، هەستێکی ناسیۆنالیستییە کە تاراوگە پێی بەخشیوە. لەنێو حیکایەت و ئەفسانەکانەوە، دروستکردنی سیمبوڵی مێژوویی تەکانێکە وەبەر هەستی ناسیۆنالیستی تاکی کورد دەدرێت. بۆیە پیرەمێرد دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتیمان، بەجۆش و گوڕێکی زیاترەوە دەکەوێتە نێو دونیای ڕۆشنبیری کوردی.

## ٦-٣- زێوەر ١٨٧٥-١٩٤٨ ز.

زێوەر لەسەرەتاکانی تەمەنیدا ئازاری تاراوگەی چەشتووە، بەجۆرێک ئەم ئازارەی وەرگێڕاوەتە سەر مەعریفەیەک، کەوا لە خزمەت نیشتمان و کۆژانەکانیدا بێت، بەمەش لە دوو توێی شیعرەکانیدا هەستێکی دروستکردووە، لێوانلێوە لەخۆشەویستی نیشتیمان و حەسرەت کێشانە بۆ سەربەخۆیی و ئازاد بوونی لە ژێر نێزەی داگیرکەراندا. بە دێڕە شیعرەکانی گوزارشتکەری دۆخێکە ساتی وێنا کردنی ڕۆحی ناسیۆنالیزمە، کەوا سەرەتای سەدەی بیستەم لە دونیای شیعری کوردیدا سەرپێ کەوتووە. زێوەر یەکێکە لە شاعیرە بەهیممەت و جەسورەکانی کورد، شیعرەکانی ڕۆڵێکی کاریگەریان لەوشیاری کۆمەڵایەتی و ئاگایی دروستکردن لەهەمبەر خاک و نیشتماندا هەبووە. بەرهەمەکانی گەواهیدەرن لە پێناوی خاک و نیشتماندا بەباشی درکی بە قوربانیدان کردووە.

هەستی ناسیۆنالیستی زێوەر، بۆ وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە دابەزیوە. وێنای جلوبەرگی کوردی و شێوازی بەرهەمهێنانی، لەگەڵ جل‌وبەرگی میللەتانی تر بەراورد دەکات. زۆر بەگرنگی پەسنی جلوبەرگی کوردی دەکات. «هەندێ نەریتی ئەتنۆگرافی کوردەواری بەکاردێنێ و لەگەڵ ئەوانەی بێگانە بەراوردیان دەکات وەکوو کڵاش و خواردەمەنی»(خەزنەدار،٢٠١٠: ٢٦٧/٥-٢٦٨). زێوەر خاکی

کوردستانی ئەوەنـدە لا پیـرۆز بـووە، کەوتۆتـە سـەودا و مامەڵەکردنـی بەبەهەشـت، شـاخ و کێوەکانـی بـەدڵ و ڕۆحـی نەتـەوە زانیـووە، لێکچواندنـی نیشـتمان بـە بەهەشـت، یەکێکـە لـەو ڕەهەندانـەی بیـری ناسیۆنالیسـتی ئـەم کارەکتـەرەی کـورد. لەسـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەوە ئایدەلیزەکردنـی نیشـتمان لەدونیابینـی ئایینـەوە سـەرچاوەی نەگرتـووە. ئـەم پیـاوە لـە ژێـر هەژموونـی ناسیۆنالیسـتیدا وێنەیەکـی کێشـاوە کـە لـە ناوکـۆی تێکسـتە شـیعریەکانیدا چەقـی قورسـایی ئەزموونـی زێـوەری داگیرکـردووە. ئەمـەش سـیمایەکی ئەرێنییانـەی دونیـای بیـری زێـوەرە، هەسـتێکە باڵا و بـەرزی نیشـتمان لـە ئەزموونـی شـیعری زێـوەرەوە سـەرپێکەوتووە. «هەروەکـوو مەلایەکـی خـاوەن فەزیلەتـە، ئوسـتادێکی وشـیار و بوێژێکـی عەسریشـە» (حلمـی،۲۰۱۰: ۱۴۱). تاراوگـە ئەوەنـدە بەتیـن کاریگـەری بەسـەر زێـوەرەوە بـووە، تەنانـەت لـە وەسـفی ئـاو و هـەوای نیشـتماندا، ئـەم ئـاو هەوایـە لـە ئـاو و هـەوای بەهەشـتی بەسەرنجکێشـتر زانییـوە:

وا وەتـەن خەملّیـوە وەک گـوڵ نەوبەهـاری میللەتـە
شـادمانی قەومـی کـوردە وەختـی لوتـف و ڕحمەتـە
زەڕڕەیێـک خاکـی وەتـەن نـادەم بەقـەسری قەیسـەری
جوملـە ئەنهـاری وەکوو کەوسـەر هـەوای وەک جەننەتە
میللەتی کورد موڵکی سەربەستیشـی خستە دەستی خۆی
جـان نیسـاری گـەر نـەکا هەرکەس، بەشـی ئـەو لەعنەتە

(زێوەر،۲۰۰۳: ۱۷۲).

زێـوەر لـە دانانـی شـیعرەکانیدا پەنـا دەباتـە بـەر کێشـی خۆماڵـی، پشـت لەکێشـی عـەرووزی عارەبـی دەکات. ئەمـە سـەرەتای درک پێکردنی ناسیۆنالیسـتانەیە. شـیعرەکانی پـتر وشـیاری کۆمەڵایەتـی و هەڵوێسـت وەرگرتنـە لەئاسـت خزمەتـی نیشـتمان، و یەکبـوون و یـەک ئاراسـتەیی بـەلاوە گرنـگ بـووە:

ئـەی کوردینـە ئـەی مەردینـە با دەست لـە نـاو دەست کەیـن هەموو
بـۆ بەرزییەتـی خاکـی وەتـەن بۆ یەکیەتی بچین هەمـوو کوردین هەموو

(زێوەر، ۲۰۰۳: ۱۷۱)

زێـوەر لەمـاوەی سـاڵانی ژیانـی لـە تاراوگە(ئەسـتەمبوڵ)، بـەدوای مەعریفـە و زانینـدا گـەڕاوە. «لـەوێ لەلایەکـەوە لەگـەڵ عـالم و ئەدیبەکانـا هەڵسـوکەوتی کـردووە؛ لەلایەکیشـەوە هەمـو دەمـێ تێکـەڵاوی لەگـەڵ ئەو پیـاوە کوردانـەدا کەلەوێ

ئیش بەدەست بوون، کردووە»(سەجادی،١٩٧١: ٥٢٩)، لە هەوڵی پێگەیاندن و پێگەیشتنی خۆیدا بووە، تاوەکوو سوود بە ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی بگەیەنێ. ئەم هەست کردن بە بەرپرسیارەتییە سەرچاوەکەی بیری نەتەوەیی بووە. زێوەر ئاگایانە دەستی بۆ فێربوونی خوێندەواری ڕۆڵەکانی کورد بردووە و لەم بوارەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە. گازەندەی لەدەست نەزانین و دواکەوتوویی کۆمەڵگە کردووە. باش درکی کردووە کۆمەڵگە و تاکەکانی وشیار نەبنەوە سەربەخۆیی و کیانێک فەراهەم نابێت.

لەمانەش زیاتر دوا بەدوای تاراوگەبوونی ئەم کەڵە پیاوانەی نێو بزاوتی ڕۆشنبیری کوردی، لەمەڕ تاراوگەبوون کۆمەڵێک جووڵە و ڕاپسکانی چەکداری لەماوەی نێوان ئەم قۆناغەدا دەبینرێت کە لەبیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیەوە سەرچاوەی گرتووە، تەواوکەری قۆناغی خامە بە دەستەکانی نێو بیر و ڕۆشنبیریی کوردییە. قەڵەمبەدەست و چەکبەدەستەکانی ئەم قۆناغە لەژێر سێبەری هەستی ناسیۆنالیستییەوە، ئارەقەی ماندوێتی مێژوویان وشک کردۆتەوە و تیژ ڕوانیویانەتە ڕێگا توولانییەکانی سەربەستی.

## ٧- ئەنجام

لە کۆتایی ئەم باسەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

الف) بەپێی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی تێکستەکانی «مەولانا خالید» دەردەکەوێت، تاراوگەبوونی بە ڕەهەندی دیندارییەوە پەیوەستە، بۆیە ئەو هەستە دینداریەش لە نێو تێکستە شیعرییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، وەک لە ناوهێنانی شوێنەکانی نێو تێکستەکاندا بە ڕوونی هەستی پیدەکرێت.

ب) مەولانا خالیدی نەقشبەندی قووڵتر لە نالی، کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕەهەندی دینداری و بارودۆخی تاراوگەبوون.

ج) نالی لە قەسیدەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم» و پارچە شیعری «شارەزوور»، ڕۆحی دیندارانەی خۆی وەرگێڕاوەتەوە بۆ نۆستالجییەکی بە سوێ.

د) حاجی قادری کۆیی دەبێتە سەرەتای قۆناغی تاراوگەبوون لە ڕەهەندی ناسۆنالیستییەوە، بەمەش پیرۆزی خاک و نیشتمان دەبێتە چەقی بازنەی بیرکردنەوە.

ه) لێکەوتەی تاراوگە وایکرد پیرەمێردی شاعیر هەنگاوێکی تر لە حاجی

قـادر بـەرەو پیـش بچێـت؛ ئەمـەش بـە هێنانـە نـاوەوەی وشـەی «شـەهید» بـۆ گیانفیداکارانـی نیشـتیمان ئەنجـام بـوو. ئـەم چەمکـە (شـەهید)، بـەر لـە پیرەمێـرد ڕەهەندێکـی ئایینـی هەبـووە. دواتـر لـە پیرەمێـردەوە ڕا دیدێکـی نەتەوەیـی و تێفکرینێکـی ناسیۆنالیسـتی بـۆ دروسـت دەبێـت.

و) تاراوگەبوونـی زێـوەر، بـۆ فێـرکاری و شـێوازی پەروەردەکرنـی منداڵانـی کـورد وەردەگەڕێـت، بـە هـۆ ئـەوەوە بـۆ منداڵانـی کـورد، هۆنینـەوەی سروودی فێـرکاری و سروودی نەتەوەیـی دەسـت پێـدەکات.

**پەراوێزەکان**

(۱) خالیـدی کـوڕی حوسـیەنە، لەتیـرەی جافـی میکایەڵییـە، دایکـی مەولانـا نـاوی فاتیمەیـە و لەسـاداتی پیرخدرییـە مەولانـا خالیـد لـە (۱۱۹۳ ک)لـە قـەرەداغ لـە دایـک بـووە. لـە باوەشـی باوکـی و لـە کۆشـی دایکیـا پـەروەردە بـووە. لەتەمەنـی شـەش حـەوت سـاڵیا ناویانـە بەرخوێنـدن و هـەر لـە قـەرەداغ قورئانـی خەتـم کـردووە. کتێبـە وردەکانـی وەکـوو «تەسریفـی زنجانـی» و «عەوامیلـی جورجانـی»، تـا ئەگاتـە «المحـرر»ی فیقهـی شـافیعی خوێنـدووە. لای گەلـێ لـە زانـا پایـە بەرزەکانـی سـەردەمی خـۆی خوێندوویەتـی. شـارە و شـار، گونـد بـە گونـد گـەڕاوە لەخزمەتـی زانسـت و زانیاریـدا بـە بەرەکەتـی ئـەم زاتانـە گەیشـتووە؛ وەک سـەید عەبدولکەریمی بەرزنجـی لـە سـولەیمانی، سـەید عەبدولڕەحیمـی بـرای سـەیید عەبدولکریـم، شـێخ عەبدوڵـڵای خەرپانـی، مـەلا ئیبراهیمـی بیارەیـی، مـەلا جەلالەدینـی خورماڵی،مـەلا مەحمـودی غەزایـی، مـەلا سـالحی تەڕەمـاری، مـەلا عەبدولڕەحیمـی زیارەتـی، مـەلا موحەمـەدی باڵەکـی، کـە مەشـهورە بـە «ئیبنـو ئـادەم»، شـێخ موحەمـەد قەسـیمی سـنەیی، کـە ئیجـازەی لەخزمەتـا وەرگرتـووە، سـاڵی ۱۸۲۷ز لـە شـام بـە نەخۆشـی تاعـوون لـە نێـوان مەغریـب و عیشـادا وەفاتـی کـردووە (مودەریـس،۲۰۱۱ : ۱/۹-۱۵).

(۲) دانانـی ئـەم مێـژووە، پەیوەندیـی بـە لـێ وردبوونـەوە و تێڕامانـی ئێمـەوە هەیـە؛ بەخوێندنـەوەی مێـژووی ئەدەبـی کـوردی، ڕاسـتی ئـەم مێـژووە دەردەکەوێـت، ئەگەرچـی پێـش ئـەم مێـژووە، لێـرەو لـەوێ شـاعیرێک یاخـود پیاوێکـی ئایینـی بەمەبەسـتی خوێنـدن چۆتـە شـار و مەڵبەندێکـی تـر و ڕەنگـە نووسـین و شیعریشـی هەبێـت، بـەڵام نەهاتوویـن ئەمانـە بـە نموونـەی تاراوگـە وەربگریـن، بەڵکـو

ڕووداوێکی گەورەی وەکوو دەرکردن و سەر پێ هەڵگرتنی مەولانا خالید، لە مێژووی نەتەوەیی و ئەدەبی کوردیدا، سەدای هەبووە و ڕەنگڕێژی شێوازێکی تایبەتی ئەدەبیشی بەدواوە بووە.
(٣) بسم الله الرحمن لرحیم_ بعد حمد وصلوات، فقیر عبدالله نقشبندی مجددی_-عفی عنه_-گزارش می نماید که سرامد علمای دین و گزیدەء طالبین راه حق الیقین، حضرت مولانا خالد--سلمه الله تعالی- برای طریقەء نقشبندی از ملک کردستان نزد این فقیر رسید. تا ده ماه در خلوت ترک به اذکار اشتغال به کمال جد وجهد پرداختند. الحمدالله که به عنایت الهی- سبحانه-به واسطه پیران- کبار-رحمه الله علیهم--به مدارج طریقه، ترقیات کردند و به حضور و یادداشت و تهذیب لطایف عالم امر فنا و بقا و بیخودیها فایض شدند وانوار سیر لطایف عالم خلق وکیفیات و حالاتی که بر هیات وحدانی سالک در طریقه حضرت مجدد--رحمەالله علیه-- فایض میشوند، باطن ایشان را منور ساختند و از کمال طریقه به تکمیل ان رسیدند (ئەمین، ٢٠١٥: ١٩٢).
(٤) مەولانا خالید لە ماوەی ژیانی دوای سەفەری هندستان چەند جارێک لە سلێمانییەوە سەری خۆی هەڵدەگرێت، جاری یەکەم دوای گەڕانەوەی لە هیندسنان و تێکچوونی نێوانیان لەگەڵ شێخ مارفی نۆدێی ١٨١٣ ڕووەو بەغدا سەرهەڵدەگرێت. لەدوای بەینێک لەسەر داوای میرانی بابان دەگەڕێتەوە سلێمانی، ماوەیەک دەمێنێتەوە، پاشان جارێکی دیکە گرژی دەکەوێتەوە نێوانیان و دەچێتەوە بەغدا. بۆ دواهەمین جار لەبەغداوە دێتەوە سلێمانی و لەوێوە لەساڵی ١٨٢٢ رووەو شام تاهەتایە سەرهەڵدەگرێت (مودریس، ٢٠١١ : ١/٣٠_٤٣).
(٥) ژمارەیەکی زۆر لە مورید و خەلیفەی غەیرە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنکەوتووی تەریقەتەکەی بوون، هەندێک لەمانە: شێخ عەبدوڵڵای ئەفغانی هەراتی، سەیدعەبدولغەفوری مەشاهیدیی بەغدایی، شیخ عەبدولقادری دیملانی، شیخ موحەمەدی کوڕی سولەیمانی تەرابلوسی، شیخ عەبدوڵڵای ئەرزەنجانی، شیخ فەیزوڵڵای ئەرزرۆمی، شیخ موحەمەد عاشقی میسری(مودەڕیس، ٢٠١١: ٦٨/١ -٦٩).
(٦) مەولانا خالید لە ماوەی ژیانیدا خاوەنی هەژدە کتێبە، بەشێکی کتێبەکانی لەبارەی شەرح و لێکدانەوەکانی ئایینەوەیە. ڕۆلێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی

وشـیاری دینـی بینیـوه، لەوانـە: شـەرحی لەسـەر «اطبـاق الذهـب»ی زەمەخشـەری بەفارسـی، کتێبێـک لەباسـی عیباداتـدا (بـۆ ئـەو موریدانـەی حەنەفـی مەزهـەب بـوون و چوونەتـە سـەر مەزهەبـی شـافیعی). بەشـێکی دیکەشـی «دیوانـی شـیعر»ە. بەسـێ زمانـی کـوردی و فارسـی و عەرەبـی شـیعری هۆنیوەتـەوە، لـەدوای خـۆی لـە ئەسـتەنبۆل لـە ۱۸۴۴ بـە چاپیـان گەیانـدووە، بەشـێکی دیکـەی کتێبەکانـی ئـەو نامەو وەسـیەتنامانەیە، کـە وا بـۆ خـۆی و خەڵکـە نزیکەکانـی نووسـیوە (مودەڕیـس،۲۰۱۱: ۵۸/۱-۶۰).

(۷) پیرەمێـرد لـە ڕۆژنامەی(ژیـن)ی ئەسـتەمبۆڵ(۱۹۱۸-۱۹۱۹)، بەرهەمـە بڵاوکراوەکانـی بـۆ سـەر زمانـی تورکیـی وەرگێـراون، بریتییـە لـە تێکسـتی شـیعری نالـی( قوربانـی تـۆزی ڕێگەتـم)و( گلکـۆی تـازەی لەیـل)ی ئەحمـەد بەگـی کۆماسـی. هەروەهـا ئەوانـەی بـۆ فارسـی وەریگێـراون، شـیعرەکانی شـێخ خالیـدی شـارەزووری نەقشـبەندییە. پیرەمێـرد ئـەم بابەتانـەی بەنـاوی( تۆفیـق سـلێمانیەلی) بڵاوکردۆتـەوە (خەزنەدار،۲۰۱۰،بەرگـی پێنجـەم، ل۱۰۶).

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی:

-ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٩). پیرەمێرد. ٢ بەرگ. چاپی دووەم. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس..
-ئەحمەد، کەمال مەزهەر (١٩٧٨). *تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا*. چاپی یەکەم. بەغداد:چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
-ئەمین، نەوشیروان مستەفا(٢٠١٥). *بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین(چەند بابەتێکی کۆمەڵناسی)*. چاپی یەکەم. بیروت-لبنان: الدار العربیە للعلوم ناشرون..
-پیرەمێرد(٢٠١٢). *ڕۆحی مەولانا*. ئامادەکردنی مەحمود ئەحمەد محەمەد. چاپی دووەم. سلێمانی:چاپخانەی ڕێ نوێ.
-تۆفیق، محەمەد حەمەساڵح (٢٠١٤). *ڕێبازی سۆفیگەریی*. چاپی دووەم. سلێمانی:چاپخانەی کارۆ.
-حلمی، ڕەفیق( ٢٠١٠). *شیعر و ئەدەبیاتی کوردی*. چاپی دووەم. هەولێر:چاپخانەی ئاراس.
-حەداد،دکتۆر عەبدوڵلا(٢٠٠٠). *نالی لە دەرەوەی کوردستاندا*. چاپی یەکەم. هەولێر:چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
-خاڵ،شێخ محمدی(٢٠٠٥). *فەرهەنگی خاڵ*. چاپی دووەم. هەولێر: دەزگای ئاراس.
-خەزنەدار، مارف(٢٠١٠). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی ٢، ٤، ٥، ٦. چاپی دووەم. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
-خۆشناو، هێمن عومەر(٢٠١٧). *نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا «چەند زانیارییەکی تازە»*. چاپی یەکەم. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران بۆ پاراستن و ساغکردنەوەی دەستنووس. ژمارە(٥).
-ریچ، کلاودیۆس جەیمس(٢٠١٢). *گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان: ١٨٢٠* . بەرگی یەکەم. چاپی دووەم. وەرگێڕانی: مینە. سلێمانی: خانەی وەرگێڕان.
-زێوەر، مەحموود(٢٠٠٣). *دیوانی زێوەر*. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.
-سەجادی، علاالدین(١٩٧١). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. چاپی دووەم. بەغدا: چاپخانەی حوادث.

-شاکەلی،فەرهاد(۲۰۱۰). *کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە*. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
- هەژار(۱۳۸۸). *هەنبانەبۆرینە*. چاپ ششم. تهران: انتشارات سروش.
- عەبدوڵڵاپوور، هەژیر(۲۰۰۸). *فەرهەنگی هەژیر. بەرگی یەکەم*. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی دەزگای موکریان.
-عەلی، بەختیار(۲۰۰۵). *خوێنەری کوشندە*. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی رەنج.
-عەلی و دەروێش، عەبدوڵڵاو حەبیب محەمەد(۲۰۱۳). *مەولاناخالید موسافیرە بێنیشتمانەکە* چاپی یەکەم. سلێمانی: بڵاوکراوەی گۆڤاری کۆچ.
-محەمەد، مەسعود(۱۹۷۳).*حاجی قادری کۆیی*. بەشی یەکەم و دووهەم. چاپی یەکەم. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
-............... (۲۰۰۷). چەپکێک *لەگوڵزاری نالی*. چاپی دووەم. هەولێر: دەزگای ئاراس.
-............... (۲۰۱۱). *زاراوەسازیی پێوانە*. چاپی دووەم. هەولێر: دەزگای ئاراس.
-مستەفا، محەمەدفازیل(۲۰۱۱). *دەنگی پیرەمێرد لە شیعری نوێی کوردیدا*. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
-مودەڕیس، مەلاعەبدولکەریم(۲۰۱۱). *یادی مەردان*. بەرگی یەکەم. چاپی دووەم. هەولێر:چاپخانەی ئاراس.
-موکریانی،گیوی(۱۹۹۹). *فەرهەنگی کوردستان*. چاپی دووەم. هەولێر: دەزگای ئاراس.
-مەلاکەریم، محەمەد(۲۰۰۸). *دوو بابەت لەبارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە*. چاپی دووەم. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.
-میران و شارەزا، سەردارحەمید وکەریم مستەفا(۲۷۰۷کوردی). *دیوانی حاجی قادرکۆیی*. سنە: چاپخانەی شارە کتێبی میدیا.
-هاشمی، سەید تاهیر(۲۰۰۴). *مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی*. وەرگێڕانی: میرزا دلێر. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی قانع.

**گۆڤاری کوردی:**

-قانـع، مەریـوان وریا(٢٠٠١).گۆڤـاری ڕەهەنـد، لەبڵاوکراوەکانـی نێوەنـدی ڕەهەنـد بـۆ لێکۆڵینـەوەی کـوردی، سـوید.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

-Amore, Baker. Michael, Kate and Howden-Chapman, Philippa (2011). “The ETHOS Definition and Classification of Homelessness”. *JOURNAL OF HOMELESSNESS*, Volume5, No.2, December.

Ember, Melvin & Embe, Carol R. (2005). *encyclopedia of diasporas*.-
.U.S.A: Yale university

-Noel Castree,Rob kitchin&Alisdair Rogers(2013). *Oxford Dictionary of Human Geography*. UK: oxford university press.

-Ozden, Caglar& Schiff, Maurice (2006). *International Migration, Remittances, and the Brain Drain*. Washington: A copublication of The World Bank and Palgrave Macmillan.

.https://www.ldoceonline.com/dictionary/exile

https://www.merriam-webster.com/dictionary/displacement.